


# پرۆسەی پەروەردە و ڕۆشنبیری لە کۆماری کوردستاندا

## ١٣٢٤ـ ١٣٢٥ ( ١٩٤٦ )

ئامادەکردنی: فارووق فەرهاد سوئێد: ٢٠٢١



پێشەوا قازی محەمەد:

بۆ خۆتان دەزانن کە ئەمن بۆ وەرگرتنی حقووقی کورد شەوو ڕۆژ وچانم نەداوە و ئەو زەحمەتەش بە فەخر دەزانم تا یەک ڕۆژم لە دنیا مابێ دەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە هەموو کەس دەسەڵمینم کە کورد شایانی ژیانە.

ڕۆژنـامەی کوردستان ژمارە ٧٢ سێ شەممۆ ٨ ی گەلاوێژ ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

پێڕست

ـ پرۆسەی خوێندن لەسەردەمی کۆماری کوردستان ........ ٥
ـ ئاگاداری ........ ٧
ـ ئاگاداری ........ ١٠
ـ جێژنی سەربەخۆیی لە فەرهەنگ ........ ١٠
ـ ئاگاداری ........ ١٣
ـ مۆژدە بە برایانی کورد ........ ١٤
ـ یەکەم دەرسی زمانی کوردی لە ڕۆژنامەی کوردستان ........ ١٥
ـ مامۆستای قوتابخانەکان ........ ١٦
ـ سوپاس ........ ١٧
ـ برایانی خۆشەویست ........ ١٧
ـ دامەزراندنی کتێبخانەی میللی ........ ٢٠
ـ مزگینی ........ ٢٠
ـ کتێبخانەی فەرهەنگ ........ ٢١
ـ ئاگاداری ........ ٢٢
ـ زانکۆ لە کۆمار ........ ٢٣
ـ سوپاس ........ ٢٣
ـ ڕادیۆ کوردستان قسە دەکا ........ ٢٥
ـ نوتقی حەزرەتی پێشەوای کوردستان لە پێش ڕادیۆ ........ ٢٧

- ڕۆژنامەی کوردستان ........ ٢٨
- گۆڤارەکانی سەردەمی کۆمار ........ ٣١
- نووسەرانی گۆڤاری هاواری نیشتمان ........ ٣٢
- گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد ........ ٣٣
- گۆڤاری ئاوات ........ ٣٧
- گۆڤاری هەڵاڵە ........ ٤٠
- گۆڤاری زانست ........ ٤٣
- گۆڤاری هاواری کورد ........ ٤٤
- گۆڤاری کوردستان ........ ٤٧
- سینەمای کوردستان ........ ٥١
- دامەزراندی چاپخانەی کوردستان ........ ٥٥
- جێژنی کردنەوەی ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان ........ ٦٠
- تەبریکی چاپخانە ........ ٦٤
- هەوڵ دەرکەوتی چاپخانەی بۆکان ........ ٦٧
- شانۆ ........ ٦٨
- ناردنی لاوانی کورد بۆ زانکۆی ئەفسەری باکۆ ........ ٦٩
- ئاگاداری ........ ٧٤
- ساعەتی کار ........ ٧٥
- سەرچاوەکان ........ ٨٠

## پرۆسەی خوێندن لەسەردەمی کۆماری کوردستان

حکومەتی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی دەلاقەی پشتگوێ خەرانی دەیان ساڵ چەند هەنگاوێکی گرینگی ئەنجامدا. هەیئەتی رەئیسەی میللی پێک دێ، و لە پاڵ ئەودا " هەیئەتی فەرهەنگی "یش دادەمەزرێ.

ڕۆژی چوارشەموویە ١٣٢٤/١٠/١٢ جەلەسەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان ساتی ٢ ی پێش نێوەڕۆ گیرا، لە بابەت مەکتەب و دانانی دوو نەفەر پێشکنێر بۆ مەکتەبەکان گفتگووی لازم کرا. ئاغایانی " عەلی خوسرەوی " و "ڕەحیم لەشکری" بۆ پێشکنێری هەڵبژێردران و حوکمیان سادەر کرا، و قەرار درا ئەو منداڵانەی کە بێکەسن وە بە سواڵ مەشغولن کۆبکرێنەوە لەناو میللەت دا دابەش بکرێن وە ڕۆژانە لە مەکتەبی گەلاوێژ بخوێنن و بۆ خڕکردنەوەی ئەم هەژار و بێکەسانە بە شارەوانی ئەمر درا کە خڕیان کاتەوە و بیانداتە دەست ئاغایان حوسێن فرۆهەر و مەنافی کەریمی و ئەوانیش لەنێو میللەت دا بەشیان کەن.

١ـ بە ئەکسەرتیەی ئارا پەسند کرا ئاغایانی فرۆهەر و کەریمی خەڵکی بێسەواد حارز کەن کە شەوانە لە مەکتەبدا بە زمانی کوردی بخوێنن.


٢ـ پەسند کرا هەموو نیشانەی( تابلۆی) ئیدران و مەکتەب و تەجارەتخانانن و عیمارەتان بگۆڕن و بە کوردی بنووسرێ.

٣ـ پەسند کرا لە ئەو منداڵانەی کۆدەکرینەوە تەمەنیان لە ٦ تا ١٤ ساڵان زیاتر نەبێ.

٤ـ لە ئاخری جەلەسەدا پەسند کرا کە لە جەلەسەی دیکە جۆری لیباسی شاگرد مەکتەبەکان مەعلووم کرێ.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ١ پێنج شەممۆ ٢٠ بەفرانبار ساڵی ١٣٢٤ـ ١٩٤٥





وێنە: حوسێنی زێرینگەران( حوسێن فڕوهەر ) لەگەڵ منداڵانی بێکەس و بێ سەرپەرست ساڵی ١٣٢٤ـ ١٩٤٥ ـ دەستخەتی ئاغای حوسێن فڕوهەر

وێنە: لــە لاپەڕەی ئینترنتی " ڕوانگە " بەرپرس حەسەنی قازی وەرگیراوە.

ئاغای تەهازادە مەعاونی حیزب بەناوی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئاگادارێک لە ڕۆژنامەی کوردستان بڵاودەکاتەوە و بانگهێشتن لە خەڵک دەکا کە منداڵەکانی خۆیان بۆ خوێندن بنێرنە مەدرەسە.

ئاگاداری:

بە تەواوی ئەهالی خۆشەویستی سابڵاغ ڕادەگەیندرێت، لەسەر ئەمری پێشەوای موعەزەم و قەراری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەوەی بەولا پێویستە بۆ پەرەپێدان و ڕەواجی زمانی کوردی خوێندن لە مەدرەسەکان دا بە کوردییە. لەو تاریخەوە تا ١٠ ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێ کە عومری ئیقتیزای خوێندن بکا دەبێ بنێردرێتە مەدرەسە. ئەڵبەت هەر کەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەنبی دەکرێ.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١ پێنج شەمموو ٢٠بەفرانبار ساڵی١٣٢٤ ـ ١٩٤٦

ئاغای دکتۆر عەبدوڵڵا ئەبریشمی لە لاپەڕەی فەیسبووکی خۆیدا بەم جۆرە باسی پرۆسەی خوێندن لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا دەکا:

١ـ هیچ منداڵێک لە تەمەنی خوێندنی سەرەتایی دا، نەدەبوو لە خوێندن بێ بەش بێ، ئەو منداڵانەی بێکەس و بێکار بان ئەوان توانایی بەخێو کردنیان نەبا، بە ماڵە دەڵەومەندەکان دەسپێردران کە دەگەڵ منداڵەکانی خۆیان وەک ئەوان بەخێو دەکران و دەناردارنە قوتابخانە ئەو بەرنامەش بە چاکی کۆنترۆڵ دەکرا.

٢ـ هاوپۆشاک بوونی خوێندکاران، لەو سەردەمە کورتەدا، دوو جار پۆشاکی هاوسان بۆ گشت منداڵانی خوێندکار، چ دەوڵەمەند و چ هەژار ساز کرا تا هەموویان بە یەک شێوە پۆشاکەوە بچنە بەر خوێندن و لە خوێندن و لە

قوتابخانه و دەرەوە جێاوازی لە نێوان منداڵانی دەوڵەمەند و هەژار نەبیندرێ.

بەرپرسی ئەو بەرنامە بەنێوی " سەید پیرە " ڕایسپاردبوو هەر منالێک لە تەمەنی خوێندن دابێ، پێویستە بنێردرێتە قوتابخانە و هیچ منداڵێک نابێ لە کاتی ئاوالە بوونی قوتابخانەکان لە کووچە و کۆڵان بخولێتەوە.

ئاگاداری:

بە عمومی ئەولیای شاگردانی مەدەرسەکانی مەرکەزی ڕادەگەیندرێت کە بە مەحزی دیتنی ئەو ئاگەهییە منداڵی خۆی مەجبوورە وادار بکا کە لە مەدەرسە حازر و مرتب مەشغولی خوێندن و وەرزش بێت والا بە وەسیلەی پاسەوان بە ئیجباری دەیان هێننەوە و موجازاتیش دەکرین.

لە لایان رەئیسی فەرهەنگ مەهاباد ـ سیدقی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٥ سێ شەممۆ ١٤ی پۆشپەر ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

لە کۆماری کوردستاندا ناوە فارسی مەکتەب و شوێنەکان کران بەناوی کوردی قوتابخانەکان بەناوی "کوردستان "، "گەلاوێژ "،" پێشەوا " ناو نران وەنەبێ هەر ناوی قوتابخانەکان گۆڕابن، بەڵکوو زمانی خوێندن و، جۆری خوێندن و، بەرنامەکانی بە گوێرەی هەڵومەرجی سیاسی نوێ گۆڕان.

بەپێی دەستووری پێشەوا و ڕەئیس جەمهوری کوردستان ١٣٢٤/١٠/٢٠ دا هەئیەتێک لە ئاغایانی فەرهەنگی لە ئیدارەی فەرهەنگ کۆبوونەوە پەسند کرا کە مەدرەسەی " پەهلەوی " بەنێوی مەکتەبی " کرمانجی کوردستان " نێودار بێ. خواهیش دەکەین لەو تاریخەوە بەنێوێکی کە پەسند کراوە، مەکتەبی " کرمانجی " بناسن. مدیر مەدرەسەی کوردستان " موبەللغی ".

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٠ دووشەممۆ ١٥ی ڕێبەندان ساڵی١٣٢٤ ـ ١٩٤٦



وێنە: مەهاباد مەدرەسەی "کوردستان" ( پەهلەوی کۆن ) ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦

ڕەدیفی یەکەم لە ڕاستەوە: عەبدوڵڵا ئیسحاقی ( ئەحمەد توفیق ) ٢ـ قادر لاهیجانی ٣ـ عەزیز حەکیم زادە ٤ـ هاشم بافتەچی ٥ـ محەمەد دەوڵەت ئابادی ٦ـ شەریف شەریفزادە ٧ـ ئیسماعیل نادری ٨ـ خاڵە ئەیوبی

ڕەدیفی سێهەم لە ڕاستەوە: ٣ـ ڕەحیم خەتیبی ٤ـ قاسم حیجازی ٥ـ محەمەد خەتیبی ٦ـ عەبدولقادر گیلانی زادە ٧ـ محەمەد موبەللغی ٨ـ محەمەد مولانی ١٠ـ محەمەد قەندیلی

ڕەدیفی سێهەم لە ڕاستەوە: ١ـ عەبدوڵڵا حیجازی ٢ـ سەعید یاهو ٣ـ ڕەحیم نوعیی ٤ـ محەمەد کرباسیان ٥ـ مەحموود مەحموود نژاد ٦ـ خەلیل قادری

ڕەدیف چووارەم لە ڕاستەوە: ٤ـ قادر مەعرووف زادە

وێنە: لە کتێبی ساجبلاغ مکری، مهاباد در آیینە اسناد تاریخی، فریدون حکیمزادە

لەسەر ئەمری موبارکی پێشەوای بەرزی کوردستان لە براوری شەوی ١٣٢٥/١٠/١٦ پۆلی شەوانە بۆ ئەکابر و خوێندەواران لە مەدرەسەی کوردستان کراوەتەوە کە شەوانە لە ساتی ٨ تا ساتی ١٠، ١٥٠ نەفەر لەژێر تەعلیماتی مامۆستایانی بە تەجروبە مەشغولی خوێندنی زمانی کوردی و ڕووسی بن.

هیوادارین کە ئەهالی موحتەرەمیش لەو نیعمەتەدا بێ بەش نەبن، و دەهاتنی خۆیاندا پێشقەدەمی بفەرموون.

مودیری مەدرەسەی کوردستان ـ موبەللغی


ئاگاداری:

بەپێی دەستوری ئێدارەی فەرهەنگ و لەسەر قەراری شورای مامۆستاکان هەموو ڕۆژی دووشەمموویان لە ساتی ١٢ تا ٢ ی پاش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی نوتق و وتار لە مەدرەسەی کوردستان هەیە. بۆ هەوەڵ جار ڕۆژی دووشەمو ٢٠ ڕەشەمە ١٣٢٤ کۆبوونەوە ساز کرا و عەدەیکی ١٨ کەسی لە قوتابیەکان پۆلی ٣ـ ٦ چەند وتارێکی بەنرخیان خوێندەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٨ چوارشەممۆ٧ی خاکەلێوە ساڵی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦

جێژنی سەربەخۆیی لە فەرهەنگ

ڕۆژی سێ شەموو ١٣٢٤/١١/٩ بە بۆنەی سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان لە لایەن فەرهەنگی کوردستان جیژنێکی موجەلل گیرابوو. ساتی ٩ی بەیانی گشت قوتابیەکانی کوڕ و کچ لە بەرانبەر حەزرەتی پێشەوا دا بە ڕێژە ڕۆیشتن ساتی ١٠ جەلەسەی جیژن ئیفتیتاح کرا.



وێنە: مەهاباد، ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

وێنە: لە ڕاستەوە یەکەم کەس، عەلی خوسرەوی، لە ڕاستەوە مناڵانی کراس سپی، ٥ـ ئاسیە مەحموودیان ٦ـ عیشرەت عەزیمی ، پشتی سەری مناڵان کاک سەدیق حەیدەری

ئاغای محەمەد موبەللغی مودیری مەدرەسەی " کوردستان " لە لایەن گشت کارگەرانی فەرهەنگ مبارک بادی و ڕۆژ باشی بە حەزوری حەزرەتی پێشەوای موعەزەم عەرزی کرد.

ئاغای ڕەشید عەزیزی سەرۆکی فەرهەنگ لە پاش عەرزی تبرێک ڕاجع بە چلۆنەتی فەرهەنگی کوردستان و ڕەفعی نەواقیس و ئیحتیاجاتی بیانێکی ئیراد کرد و لە لایەن قوتابیەکانی مەدارەس، گەلاوێژ، کوردستان، سەعادەت، پروین، خوسرەوی، سرود و ئەشعار و موقالاتی بەتین خوێندراوە جەنابی پێشەوا ئەزهاری قەدردانی و تەشەکوری لە هەست نواندنی حازرین فەرموو

و بەشێک لە ئەوزاعی فەرهەنگی شوورەوی و چڵونەتی خوێندن و وەزعی مەدارسی ئەوان بەیان فەرموو، و ساتی ١ی پاش نێوەڕۆ جیژن بە ئیفتخاری پێشەوای موعەزەمی کوردستان تەواو بوو.

ڕۆژنـــامـەی کوردستان ژمارە ٣٢ شەممۆ ١٧ی خاکەلێوە ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

میرزا محەمەد مەنگوڕی لە کتێبی " بەسەر هاتی سیاسی کورد" دەنووسێ: لە سابڵاغا ٨ مەدرەسەی کوڕ و کچیان کردبۆوە. مەوجوودی شاگردی مەدرەسەکانی سابڵاغ بە کوڕ و کچیەوە گەیشتبوو ١٦٠٠ شاگرد. کچانی مەدرەسی زۆربە سفور و جلی ئاڵە فەرەنگە و سەربەستی ئەژیان. جلی مەدرەسە کچ و کوڕ لەسەر فۆرمێکی تازە بوو، بە جلی ڕەشوکی و ناوخۆیەتیەوە شاگردی کوڕ و کچ لە مەدەرسە وەرنەئەگیران.

کچ و کوڕ چون یەک ئەچوونە ناو بەزموو ئاهەنگ وە نوومایشی مەدەنی سیاسیانەوە. هەر وەکوو کوڕ بە کچیش سەربەستی تەواو درابوو. کچان دەوری خوتبە و شێعر خوێندەوە و نووسین و مقالاتیان زۆر بە سەربەستی ئەگێڕا.

قازی محەمەد حەزی بە سفورتی لینگ و قوڵ ڕووتی ئەکرد، زۆر بە خەیاڵاتی بەرزی خوێندی کچانەوە سەرگەرم بوو.

بەسەرهاتی سیاسی کورد، نووسینی: میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی، بەرگی یەکەم سوئید ساڵی ١٩٩٩

یەکێکی تر لە کارە هەرە گرینگی " هەیئەتی فەرهەنگی " ماوەندانی شێواندنی زمانی کوردی بوو بەناوی داهێنانی وشەی تازەی کوردی و دروست کراوە، ڕۆژنامەی کوردستان لەو بارەدا ئاگادارێک بڵاو دەکاتەوە.

ئاگاداری:

بە تەواوی زانایانی بەرزی کورد ڕادەگەیەندرێت، بۆ وەکار هێنانی وشەی کوردی کە تا ئەڕۆ وەکار نەبێنداراوە دەبێ لەپێش دا بە هەیئەتی فەرهەنگی پێشنیهاد بکرێ و لەوێ تەسویب و ئیجازەی وەکار هێنانی بدرێ وە کەس حەقی نیە وشەی روونی دەکاری بینێ.

ڕۆژنـــامـەی کوردستان ژمـارە ١٥ شەممۆ ٢٧ی ڕێبەندان ساڵی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦

ئاگاداری:

بە عموم ئاغایان شاگردانی مەدارەس لە کلاسی دووم ڕا هەتا کلاسی شەش ڕادەگەیندرێت کە لە ڕۆژی رەمەزانیوە لەسەر دەستووری کتێبی حەزرەتی پێشەوای موعەزمی کوردستان لە ساتی ١٠ سەبینی وە هەتا یەک سات پاش نوێژە مەدرەسە دایرە و دەبێ هەموو لە مەدرەسە حازر و سەرزەنگ مورەتەب مەشغولی خوێندن و ورزش بین و هەر کەس تمردی کرد ئێدارە بەوەسیلەی پاسەبان حازریان دەکا و جەزایان لێ دەستینێ و ئاولیای وانیش جەریمە دەکرێ.

مەعاونی فەرهەنگ کوردستان ـ دڵشاد ڕەسووڵی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧١ یەک شەممۆ ٦ی گەلاوێژ ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

مۆژده به برایانی کورد

موژده بۆ دامەزراندنی دەرسی ڕووسی لە قەتابخانەی" گەلاوێژ "دا

ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان بۆ سوودی عموم دوو کلاسی ڕووسی شەوانە لە مەدرەسەی گەلاوێژ کردۆتەوە و مونەزەم دەرسی ڕووسی لێ دەخوێندری ئەوانەی دەیانەوەی ڕووسی فێربن بە زوویی موراجعە بە دەفتەری ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان بکەن و نێوی خۆیان بنووسن و شەوانە خەریکی دەرس خوێندنی ڕووسی بن.

مەعاونی سەرۆکی فەرهەنگی کوردستان ـ دڵشاد ڕەسووڵی

ڕۆژنـامـەی کوردستان ژمارەی ٧١ یەکشەممۆ ٦ گـەلاوێژ ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

مامۆستا هێمن لە کتێبی تاریک و ڕوون دا دەنووسێ: لە دەستەیەکدا کە بۆ دانانی کتێبی کوردی بۆ فێرگەکانی کوردستان کاریان دەکرد، ئەندام بووم. ئەندامە ئەسڵیەکانی ئەو لیژنە وەک لەبیرم مابێ، زەبیحی، هەژار، برایمی نادری و دڵشاد ڕەسووڵی و من بووین. پێشەوا بۆ خۆی و چەند مامۆستای شارەزاش یارمەتیان دەداین. هەرچەند هیچمان لەو کارەدا پسپۆڕ نەبووین، بەڵام چونکە زۆر بەدڵسۆزییەوە کارمان دەکرد پێم وایە کتێبەکان کە بەداخەوە چاپ نەکران خراپ نەبوون.

هێمن " تاریک و ڕوون "، لە کوێوە بۆ کوێ، سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن، چاپخانە هەولێر ساڵی ٢٠١٤

لەسەر ئەمری حەزرەتی پێشەوای کوردستان لە ژمارە ٣٢ ڕۆژنامەی کوردستان ڕا دەرسی زمانی کوردی بۆ ئەو کەسانەی کە تازە دەست بە خوێندن دەکەن ( پۆلی هەوەڵ ) چاپ دەکرێ پێویستە برایان و خوشکان کە دیانەوی کوردی نووسین و خوێندنەوە فێر بن لەم نیعمەتە گەورە ئیستیفادە بکەن.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣١ چوارشەممۆ ١٤خـاکەلێوە ساڵی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦

یەکەم دەرسی زمانی کوردی لە ڕۆژنامە کوردستان

دەرسی یەکەم

راو

روو

راو روو

روو راو

راو روو

وار روا ورا


ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٣٢ شەممۆ ١٧ خاکەلێوە ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

ئێمە قوتابیانی پۆلی ٥ ـ ٦ مەدرەسەی " کوردستان " لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەی بەرزەی کە چاومان بە لاپەڕەی چواری دەرسی یەکەم زمانی کوردی کەوت زۆر زۆر خۆشحاڵ و کەیف خۆش بووین لەبەر ئەوەی کە تەواوی نەخوێندەواران لە ماوەیەکی کەمدا بە هۆی ئەو دەرسانە کە مرەتەبن لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێتەوە دەتوانن زوو فێری خوێندن بن. ئێمە لە تەواوی کاربەدەستان و کارگەرانی ڕۆژنامەی کوردستان تەشەکوو و سوپاس دەکەین.

لە لاین قوتابیانی پۆلی ٥ ـ ٦ مەدرەسەی کوردستان

سەید عەبدوڵڵا گەیلانی ـ خەلیل سەدیقی ـ ئیسمایل ئەیوبی ـ عەبدوڵڵا مەولەوی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٣٤چوارشەممۆ ٢١ی خاکەلێوە ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

وێنە لە ڕاستەوە: ئیسمایل ئەیوبی ـ عەبدوڵڵا مەولەوی ـ خەلیل سەدیقی

ماموستای قوتابخانەکان

میرزا مەناف کەریمی لە یاداشتەکانیدا لە کتێبی پیشوای بیداری دا دەڵێ: کە کاتێک ئیدارەی مەعارفی کوردستانم بەدەستەوە گرت بەسەر وێرانەیەک دا کەوتم، لەوە نیگەران بووم کە نەتوانین کارەکان ڕاپەڕێنن. ماموستا عوسمان دانش و محەمەد وردی و عەبدلقادر ئەحمەد و جەمیل بەهادین بە دڵخوازی خۆیان بۆ گوتنی وانەکان لە قوتابخانەکاندا هاتبوونە مەهاباد. بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکەی، لە ماوەکی کەم دا کارەکان بە باشی ڕاپەڕێندران و لە ماوەی یەک مانگ دا، قوتابییەکان تا ڕادەیەک فێری کوردی نووسین و خوێندنەوە بوون.

بیرەوەرییەکانی سەعید هومایون "پیشوای بیداری" موسسە چاپ و نشر آرس هولێر ساڵی ٢٠٠٧

ماموستا هێمن دەڵێ: پیاو ئینساف بکات کوردی عێراق زۆریان تەئسیر لە ڕووناک کردنەوەی ئێمەدا کرد. پێم وایە هەر شەش حەوت کەس بووین کوردیمان دەزانی بخوێنینەوە و بنووسین.

هێمن و سازی ناساز، کۆکەرەوە و ئامادەکار: فارووق فەرهاد بەرگی دووەم سوئید ٢٠١٩

ماموٚستای قوتابخانەکانی سەردەمی کوٚمار خەڵکی شاری مەهاباد یا خەڵکی کوردستانی باشوور بوون کە زوٚر بە دڵسوٚزیەوە دەرسیان دەگوت. ئەو ماموٚستایانە بریتین بوون لە: عوسمان دانیش، توفیق وردی، کەریم زەند، عەبدولقادر ئەحمەد، جەمیل بەهادین، عەلی مەحموودی، ئەحمەد ئاکوٚیی، مەلا حوسین گلوٚڵانی، ئەحمەد مەنگوری، سەیفوڵا نانەوازادە، و..

سوپاس

ئاغای محەمەد وردی ـ عەبدولقادر ئەحمەد ـ عوسمان دانش ـ جەمیل بەهادین ، ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان لە تەرزی ئەخلاق و ڕەفتار و سەعی و کوشش توٚ کە لە مووددەتی خزمەت لە فەرهەنگدا کردت سپاست لێدەکا هومێد وایە جەدییەتی توٚ ڕوٚژ بە ڕوٚژ بوٚ پێشکەوتنی شاگردان و تەرەقی فەرهەنگی کوردستان زیاتر بێ.

لە لایەن ڕەئیس فەرهەنگی مەهاباد ـ سدقی

ڕوٚژنامەی کوردستان ژمارە ٦٩ یەکشەممو ٣٠ی پوٚشپەڕی ساڵی ١٣٢٥ـ١٩٤٦

برایانی خوٚشەویست:

ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە تەنیا شەڕکەر نەبن. بەشکوو چەکێکی وا هەڵگرن کە بتوانن بەرامبەری دەگەڵ لەشکری میللەتی تر بکەن، ئەو چەکەش (عیلم و زانستە)

مەرحەلەی شەڕ تەواو بوو نوٚبەی هونەرە... ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە بە زانست بەربەرەکانی دوژمنان بکەن. چەک بێ عەقڵ دوژمن نابڕێ...

" پێشەوا، قازی محەمەد "


ڕوٚژنامەی کوردستان ژمارەی ٧٢ ، ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ـ ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەزرا، و لە ٢٦ سەرماوەزی ١٣٢٥ ـ ١٧ دەسامبری ١٩٤٦ بە گیرانی مەهابادی پایتەخت لە لایەن ئەرتەشی شاوە، ڕۆژی تەمەنی کۆمار ئاوا بوو. لە ماوەی ئەم ٣٣٠ ڕۆژەدا کە دەبێتە نزیکەی ١١ مانگ، لە لایەن حکوومەتی کوردستانەوە، سەرەڕای گیروگرفتێکی زۆری ڕامیاری کە دەستەویەخەی ببوو، گرینگی و بایەخێکی بەرچاو بە ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنە گشتییەکان درا.

هەر لەم ماوە کورت و پڕ گێرەوکێشەیەدا، کۆمار توانی لە ڕێگای دوو وەزارتخانەی فەرهەنگ و تەبلیغات، هەروەها دامەزراندنی هەیئەتی فەرهەنگییەوە، چەند هەنگاوی بنەڕەتی باوێژی، وەک: کردنی زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمیی خوێندن و نووسینی خوێندنگە و دایرەکان، کردنەوەی چەند خوێندنگەی کوڕانە و کچانە لە مەهاباد و شارەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار، وەرگێڕانی کتێب و بابەتی جۆراجۆر بۆ سەر زمانی کوردی، خوێندنەوەی خوتبەی نوێژی هەینی بە زمانی کوردی، دامەزراندنی چاپخانە، ڕادیۆ و سینەمای کوردستان، دامەزراندنی کتێبخانەی میللی کوردستان و بڵاوکردنەوەی حەوت ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی.

عەبدوڵڵا سەمەدی

لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز کاک عەبدوڵڵا سەمەدی وەرگیراوە.


دایرەی
موضوع

زمارە . . . . .
بەرواری . . . . .
پەیوند . . . .

١٥٤١

١٢ / ٦ / ٢٥

ئیدارەی فرهنگی کوردستان
شاری مهاباد

آقای حسین گولولانی

بنا بە دەستوری پیشەوای معظمی کوردستان ونظر بەوەی کە آغایانی معلمین و معلمات بتوانن لەزانستی یەکدی استفادە بکەن بونەوەی ارتباطێکی کامل لەنیوانی کارمەندانی فرهنگ پەیدا بیت وری وشوینیکی عمومی و مرتب بو طرزی تدریس دابندری ادارەی معارفی کوردستان لەجەنابت دەعوەت دەکا کە روژی جمعەی ساتی ٩ ١٥/ ٦/ ٢٥ لەسالونی ادارەی معارف تشریف حاضر بی و بوتشکیلدانی کنفرانس سەرەوە برنامەیکی مرتب دابنین-

معاون فرهنگ کوردستان دلشاد رسولی

بەنابە دەستووری پێشەوای موعەزەمی کوردستان و نەزەر بەوەی کە ئاغایان مەعللمین و مەعللمات بتوانن لە زانستی یەکتری ئیستیفادە بکەن بۆ ئەوەی ئیرتباتێکی کامیل لە نێوانی کارمەندانی فەرهەنگ پەیدا بێت و ڕێ و شوێنێکی عمومی و مورەتەب بۆ تەرزی تەدریس دا بندرێ. ئێدارەی معارفی کوردستان لە جەنابت دەعوت دەکا کە ڕۆژی جومعەی ساتی ٩ ، ٢٥/٦/١٥ لە سالۆنی ئێدارەی معارف تەشریفت حازر بێ بۆ تەشکیل دانی کۆنفەرانس سەرەوە برنامەیێکی مرەتەب دابنین.

نامەی مەعاونی فەرهەنگ دلشاد ڕەسوولی بۆ ئاغای حوسێن گۆلۆلانی

دامەزراندنی کتێبخانەی میللی

لەبەر ئەوەی پێداویستێکی زۆر بە بوونی کتێبخانەیەکی میللی لە شاری مەهاباد هەست دەکرێ، حەزرەتی پێشەوا کوردستان دەستووری فەرموو کە بە زوویەکی زوو دەست بە کۆکردنەوەی کتێبەکانی قەرائەتخانەی عیسازادە و فەرهەنگ بکرێ و یەک جێ لە سالۆنی تەنیشتی چاپخانەی کوردستان دابندرێ و کتێبخانەیەکی میللی و عمومی ساز کرێ. و چەند کەسیکێش لە برایان تا ئەمڕۆ کتێبێکی زۆریان بەم کتێبخانە پێشکەش کردووە (کە پاشان دەڕۆژنامەدا نێویان دەنووسری ) و کەسانیکێش ئامادەن یەک یا چەند جڵد کتێب بەم کتێبخانەی میللیە ببەخشن لە ڕۆژنامەدا نێویان دەنووسری و تقدیریان لێدەکرێ.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٢٥ یەکشەممۆ ٢٦ ڕەشەمە ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦

مزگینی

کتێبخانەیەک بەنێوی " کتێبخانەی فەرهەنگ " لە تەنیشت مەدرەسەی گەلاوێژ کراوەتەوە، تکایە لە برایانی خۆشەویست دەکەین چ بە کتێب و چ بە مێز و سەندەلی یاریدەی ئەم کتێبخانە کە قازانجی بۆ هەمووان هەیە بدەن.

خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار خۆڕاییە.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٦٤ سێ شەممۆ ١١ پۆشپەر ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

## کتێبخانەی فەرهەنگ

کتێبخانەی فەرهەنگ کە تازە دامەزراوە لە ماوەیەکی کەمدا شەش سەد جلد کتێبی کوردی، فارسی، عەرەبی، تورکی، فەرانسە، ئینگلیسی، رووسی، کۆکردۆتەوە و هەموو جۆرە کتێبێک بە خۆڕایی دەئیختیاری داوخوازان دەنێ، پێویستە لاوان و گەنجانی خوێندەوار بۆ ئیستیفادە لەم کتێبخانە پڕ پیتە و حازر بوون دەوێدا دەرفەرت لە دەست خۆیان نەدەن.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٧٠ سێ شەممۆ ١ گەلاوێژ ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

هەر وەها لە شاری مەهاباد کە مایەتییەک لە جوولەکان کە نیزیکەی ٦٠ خێزان بوون دەژیان، بە پێچەوانەی جوولەکەکانی ناوچەکانی دیکەی ئێران جوولەکانی مەهاباد دەوپەڕی ئاسوودەیی و ئارامی دا خەریکی کەسپ و کاری وەک زێڕینگەری، بەزازی، خەڕازی و عەتتاریی بوون. هیچ جۆرە ناخۆشییەکیان نەبوو و کەس جاڕزی نەدەکردن و هەموویان لە ئەمن و ئەمان دا بوون. بە ڕاگەیاندرانی حکوومەتی جمهووری کوردستان ئەوانیش هاوڕێ لەگەڵ خەڵکی مەهاباد لە جێژن و شادی دا بەشدارییان کرد.

وەزارەتی فەرهەنگ کە خەرێکی ڕێکخستنی کاروباری مەدرەسەکان و دابین کردنی کتێبی خوێندن و کاروباری دیکەی کولتووری بوو، جوولەکە هاوشارییەکانیشی لەبیر نەبردبۆوە. بە پێی بەیاننامەیەک ڕێگای دا بە جوولەکەکان کە بە پێی سەرنجی تایبەتی قازیی محەمەد ئەوانیش وەکوو برا کوردەکانیان بتوانن خوێندنگەی تایبەتی خۆیان هەبێ و خوێندن بە زمانی عیبری بۆ وان ئازاد و مەدرەسەیان وەکوو مەدرەسەکانی دیکەی کوردستان باری قانوونی دەبێ و هەر بەو ئاڕاستەیە دا بە دوای بڵاو بوونەوەی بەیاننامەی باسکراو دا ڕێگا درا بە کرانەوەی خوێندنگەیەک بە بەڕێوەبەریی ئاغای داود زادە. کرانەوەی ئەو خوێندنگەیە پێشوازیی لێ کرا

و بەساز کردنی کۆڕی جێژن و شایی و بە ئامادە بوونی دایوبابانی قوتابیان پۆلی خوێندن کرانەوە.

یادداشتانەی میرزا مەنافی کەریمی، کە بەڕێز هاشمی سەلیمی ڕێکی خستووە و لە پەراوێزی بیرەوەرییەکانی سەعید هومایون دا "پیشوای بیداری "، خاطرات سعید همایون، موسسه چاپ و نشر آراس، هولێر ساڵی ٢٠٠٤دا بڵاوی کردووتەوە.

لە لاپەڕەی ڕوانگە، بەرپرس بەڕێز کاک حەسەن قازی وەرگیراوە.

ئاگاداری:

بە عمومی میللتی کلیمیان دانیشتووی مەهاباد ڕادەگەیەنم کە لەژێر حەمایەتی حەزرەتی پێشەوای موعەزم و مەحبووبی کوردستان و نەزارت ئیدارەی موحترم فەرهەنگ بە ئیجازەی مقاماتی بەرزی کوردستان مەدرەسەیەک بەنێوی تێکەڵی کوردی و عیبری دەکەینەوە وە پێویستە لە بڕواری ئەو ئاگاداریەوە منداڵانی خۆتان چ کوڕ و چ کچ بە دەفتەری ئەو مەدرەسە کە رووبەرووی عیمارەتی داود زادەیە مەعەرفی و بە سەبتی بگەیەنی لە غەیری ئەو سوورتەدا مەجبوورن بە وەسیلەی شارەوانی حازر دەکەین.

مودیر و سەرپەرست مەدرەسەی عیبری ـ داود زادە

ڕوونوس بۆ ئیقدام بە ئاگاداری بە نۆبەی خۆی بە ئیدارەی موحترم و بەرزی تەبلیغات کوردستان تەقدیم دەکرێ.

سەرپەرست و مدیر مەدرەسەی عیبری ـ داود زادە

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٥ ، ٢٠ گەلاوێژ ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

زانکۆ لە کۆمار

ئاگادرێک لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١١ بە بۆنەی دانانی دانشکەدە بەم جۆرە چاپ کراوە:

بۆ خوێندنەوە:

لەم ڕۆژانەدا بە ئەمری پێشەوای بەرزی کوردستان بۆ پێراگەیشتن بە کارەکانی فەرهەنگ و ئەوقاف، دانانی دانشکەدەی مەعقوول و مەنقوول و.. چەن هەیئەتێک دیاری کراون. ڕجا دەکەین ئەو هەیئەتە موحتەرمانە نەتیجەی ئیقداماتی خۆیان بۆ ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان بنێرن تا بە پێش چاوی هەموو کەس بگا.


ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١١ ساڵی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦

ئیتر لە هیچ ژمارەیێکی تری ڕۆژنامەی کوردستان باس لە دانانی زانکۆ نەکراوە.

سوپاس

١ـ سەید قادر جەعفەری ٢٥ جلد ٢ـ قادر مودەررپیسی ٢٠ جلد کتێبیان بە کتێبخانەی کوردستان پێشکەش کردووە، سوپاسیان لێ دەکەین.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٣ دوشەممۆ ١٩ ی خاکەلێوە ١٣٢٥ ـ١٩٤٦






وێنە لە ڕاستەوە: سەید قادر جەعفەری ـ مەلا قادر مودەڕڕیسی

وێنەکان: دیاری بەڕێز کاک محەمەد جەعفەری و کاک موحیب مەهابادی

ڕادیۆ کوردستان قسە دەکا

ڕادیۆ دەتوانی دەورێکی کاریگەر لە یەکخستنی زمانو گەشە پێدانی هەست و هۆشی هاوبەشی نەتەوەیی و لە سازدانی بیروڕای گشتی خەڵکدا دەور بگێڕێ. کاربەدەستانی حکومەتی کوردستان گرنگی ڕادیۆیان دەزانی و یەکەمین ئیستگای ڕادیۆیان دامەزراند.

ڕۆژی سێ شەممۆ ١٠ی بانەمەڕ ١٣٢٥ ئیستاسیونی ڕادیۆی مەهاباد پایتەختی حکومەتی میللی کوردستان دەگەڵ ٥ دەستگا بڵیندگۆ کە ( ١ـ لە حەوشی کانگای حیزبی دیمۆکرات ٢ـ لە پێشمەرگەخانە ٣ـ ڕوبەڕووی شارەوانی ٤ـ ڕووبەڕووی خانوی حەزرەتی پێشەوا ٥ـ ڕووبەڕووی مزگەوتی عەباس ئاغا ) نەسب کران و دانرا ڕەسمەن کـرایـەوە و جیژنێکی جوان گیرا بوو.

پاشان ئاغای سەید محەمەد تەهازادە دەستگاکانی لە ئاغای مایور عەلی زادە تەحویل وەرگرت و دیسان مەراتبی سوپاسگزاری لە لایەن میللەتی کوردستانەوە نیسبەت بە ئیتحادی جەماهیر شوورەوی نواند و بە تایبەتی لە زەحمەتی ئاغای مایور عەلی زادە کە زەحمەتی هێنانی ئەو چتانەی قەبووڵ کرد بوو. زۆری تەشەکوور کرد و، هەر دووکیان دەستیان دەنێو دەستی یەکتر ناو، میهری موتەقابیلیان دەرحەق بە یەکتر ئیزهار کرد و جیژن لە ساتی ٦ی پاش نێوەڕۆ دوایی هات.

سەید محەمەد حەمیدی دەنووسێ: شارەکەمان مەهاباد کە پایتەختی کوردستانی ئازادە ئیستگای ڕادیۆ و دەستگای سینەمای نەبوو. دەوڵەتی بەرزی شوورەوی بۆ ئیتمامی حوجتی دۆستی خۆی لەسەر ئێمە یەک دەستگاه ئیستاسیونی ڕادیۆ دەگەڵ بڵیندگۆ و یەک دەستگای سینەمای سیاری بە کوردستانی ئازاد بەخشش فەرموو، ئەوەتا دەبینن بۆ هەوەڵین جار لە هەوەڵی تاریخەوە تا ئەوڕۆ بڵیندگۆی ڕادیۆ دەنگ و هاوارمان بە گوێی

ئاحادو ئەفرادی میللەتی کورد دەگەینێ و بۆ شەویش دەستگای سینەما دەست بەکار دەکا.

لەبەرامبەر ئەو میهرو موحیبەتە کە ئەو دۆستە مەزنە دەگەڵ ئێمەی کردووە بێ ئەندازە بە پیرو جحیلەوە لە چووک و گەورە و ژن و پیاوەوە سوپاسگووزاری دەکەین. نەتەوەی کورد مرد بوو لە سایەی شوورەوی زیندوو بۆوە.

میللەتی کورد لە ئازادی و حقووقی بەشەریەت بێ بەش بوو، لە سایەی شووڕەویدا بەهرەوەر بوو. زبان و قەڵەمی ئێمە لە ئەدای سوپاس و شوکرانەی ئەو چاکانەی کە میللەتی قارەمان و دەوڵەتی ئیتحاد جەماهیر شووڕەوی دەگەڵ ئێمەی کردووە لاڵ و شکاوە ناچارم عەرایز و ئیحساساتی خۆم بەم کلیمانەی دوایی بێنم. بژی و هەر سەربەرز بی ژنرالیسموس ستالینی کەبیر، هەر بەرز و ڕاوەستاویی ئالای سوور، هەر نێو بەدەرەوە و پێشکەوتووبێ هوردووی سوور، بژین و هەر دەس ڕۆ بن تەواوی میللی شوورەوی.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٤٣ شەممۆ ی ١٤ بانەمەڕ ١٣٢٥ _ ١٩٤٦

نوتقی حەزرەتی پێشەوای کوردستان لە پێش ڕادیۆ

ڕۆژی ١٣٢٥/٢/١٢ ساتی ٦ی پاش نیوەڕۆ حەزرەتی محەمەدی قازی پێشەوای موعەزەمی کوردستان نوتقی بە هۆی ڕادیۆ بە گوێ دانیشتوانی کوردستان گەیاند و بە بڵیندگۆ بڵاوکرایەوە:

برایانی خۆشەویست! لە دامەزراندی دەستگای ڕادیۆ و ئەم موفەقیتەی کە دەستتان خستوە تەبریکتان لێ دەکەم. چونکوو لەوەختی کردنەوەی دەستگای ڕادیۆ لێرە نەبووم ئێستا ئیحساساتی خۆم نسبەت بە پێشکەوتنی ئێوە ئیزهار دەکەم. ئومێدوارم کە لێرە بەدوا ڕۆژ بە ڕۆژ بتوانین لە مەساییلی مەدەنی دا پتر تەرەقی بکەین.

لە هەموو شتێک چاتر بۆ ئێمە ئەویە کە بتوانین قسەی خۆمان بە گوێی دنیا بگەینین و تەسدیقی دەفەرموون کە هەموو شتێک وردە وردە تەرەقی پێ دەدرێ. دیسان دەتوانین بە هۆی ئەم دەستگایە دەرسی ئەخلاقی، فەلاحەتی و........ بە برایانی خۆشەویست بڵێین و لە ئایندەش دا بەرنامەیەکی باش بۆ ڕادیۆکەمان دیاری دەکەین.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٤٤ دووشەممۆ ١٦ بانەمەڕ ١٣٢٥ _ ١٩٤٦

دانان:

ئاغای عەلی خوسرەوی لە هەوەڵی مانگی جۆزەردانی ١٣٢٥ بە مەعاوەنی وەزراتی تەبلیغات و مدیری ئیستاسیون دانرا و حوکمی ڕەسمیان بۆ ناردرا و لەو بروارەوە دەستی بەکار کردووە.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٤ چوارشەممۆ ١٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥_ ١٩٤٦

مەودای ڕادیۆ کوردستان ئەوەندە بڕی نەدەکرد بگاتە شارەکانی تری کوردستان وەکوو دەنگێکی ناوچەیی بۆ شاری مەهاباد مایەوە تا ئەرتەشی ئێران وڵاتی داگیر کردەوە. ئەوسا ئەویش لە قسان خرا.

## ڕۆژنامەی کوردستان

دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان " تەجروبەیەکی تازە بوو لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری نەتەوەی کورد. بۆ کوردستانی ئێران بایەخێکی زۆری هەبوو. یەکەمین ژمارەی لە رۆژی پێنجشەممۆ ١٣٢٤/١٠/٢٠ بەرامبەر بە ١١ی ژانویە ١٩٤٦ دەرچووە.

سەید محەمەد حەمیدی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە لە ژێر سەردێری ئامانجی ئێمە، لە یەکەمین ژمارەیدا نووسیویتی: بۆ میللەت کار دەکەین و بە زمانی شیرینی کوردی دەخوینین، ئەخلاقی خەراپمان گوریوەتەوە بە ئەخلاقی چاک.

هیوامان وایە ئەم قەلایەی کە خەریکین قایمی بکەین وەها قایم و بەهێز بێت کە هیچ هێزێک نەتوانی بەربەرەکانی لە گەڵا بکا. ئێمە کە بە دڵمان دا نەدەهات خاوەنی چاپخانە و ئینتیشارات بین، ئەوا بە یارمەتی خودا ڕۆژنامەی کوردستان داندرا و هەوەڵ ژمارەی بڵاوکراوە. ئەم نامەیە کە لە لایەن حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بڵاو دەبێتەوە دەیەوەی قەلایەکی ئاسنین لە ئیتیحاد و برایەتی بێنیتە بەرهەم کە بناغەکەی بە زانست و هونەر و لەشساخی داندرا بێ و بتوانی دەگەڵ سێڵاوی دووبەرەکی و بێ دینی و هەموو جۆرە رەوشتێک کە بۆ سەربەستی زەرەر بێت بەربەرەکانی بکا.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١ بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤ـ ١٩٤٦

ڕۆژنامەی کوردستان زۆر بابەتی سیاسی، کۆمەڵەڵاتی، دینیی، ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە. لەو سەردەمەدا شێعری سیاسی بە جۆرێکی دیار گەشاوەتەوە. سەید محەمەد حەمیدی چالاک ترین نووسەری ڕۆژنامەکە بووە.

ڕۆژنامەی کوردستان نرخێکی مێژوویی گەورەی هەیە بۆ لێکۆلینەوەی ڕووداوەکانی ئەوسای کوردستان چونکە: بەشێکی زۆری نوتقەکانی قازی

محەمەد و کاربەدەستانی تر و، هەواڵە سیاسی و، کۆمەڵایەتی و، پێشمەرگەیی و فەرهەنگییەکانی حکومەتی کوردستانی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

نە حکوومەتی کوردستان " ئاژانسی دەنگوباسی " تایبەتی خۆی و، نە هیچ ئاژانسێکی بێگانەش بنکەی لە کوردستان هەبوو، لە بەر ئەوە سەرچاوەی هەواڵەکانی کوردستان هەر ڕادیۆکانی بێگانە و ڕۆژنامەکانی دەرەوە بوون.

حکوومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا، نووسینی: نەوشیراون مستەفا ساڵی ١٩٩٣

میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی لە کتێبی" بەسەرهاتی سیاسی کورد "دا دەنووسێ: قازی محەمەد بەناوی کوردستانەوە ڕۆژنامەیکی لە سابڵاغ دەر ئەهێنا. ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە گەیشتە ١١٢. حکومەت خۆی سەرپەرستی ئەو ڕۆژنامەی ئەکرد. هەیئەتی ئەنجوومەنی ئەیاڵەتی خۆیان مەسئوولی دەرهێنانی ئەو ڕۆژنامەیە بوون.


ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژانە بوو بەڵام زۆرجار بە حەفتەی جارێک دەرئەچوو، موقالاتی ئەو ڕۆژنامەیە لە لایەن هەیئەتی ئیدارەی سیاسیەوە زۆر بە وردی ( سانسۆڕ ) ئەکرا، هەر شتی کە موافقی سیاسەتی ڕووس نەبوایە نەئەبوو چاپ بکرێ. زیاتر ئەو ڕۆژنامە خەریکی مەدحی ڕووس و شکانی ئەمریکا و ئینگلیس و ئاغا و دەوڵەمەند و کۆنەپەرست بوو.

بەسەرهاتی سیاسی کورد، نووسینی: میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی،بەرگی یەکەم سوئید ساڵی ١٩٩٩

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ١ تا ژمارەی ٧٩ بەتەواوی لەدەست دایە. ژمارەی ٨٠ تا ژمارەی ٨٤ لەدەستدا نیە. ژمارە ٨٥ لەدەست دایە. ژمارە ٨٦ لەدەستدا نیە. ژمارە ٨٧ و ٨٨ لەدەست دایە. لە ژمارە ٨٩ تا ژمارە ٩١ لەدەستدا نیە. ژمارە ٩٢ لەدەست دایە. ژمارە ٩٣ تا ژمارە ١٠٠ لەدەست دا نیە. ژمارە ١٠١ و ١٠٢ لەدەست دایە.

سەرجەم لە ژمارە ١ تا ژمارە ١٠٢ ، ١٧ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لەبەر دەستدا نیە. زانیاری جیاواز سەبارەت بە دوا ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان هەیە. ئەو ژمارەیە بە ١١٢ یا ١١٣ یا ١١٤ یان ١٦٠ دانراوە.

لە لاپەڕەی فەیسبووکی فاڕووق فەرهاد وەرگیراوە.




ڕۆژنــامــەی کوردستان ژمارە ١ پێج شەممۆ ١٣٢٤/١٠/٢٠ ، ١١ ژانویە ١٩٤٦

گۆڤارەکانی سەردەمی کۆمار

" هاواری نیشتمان "

١٩ی بانەمەڕ ـ ٢ی پۆشپەڕی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

تا ئێستا لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا وا زانرابوو کە " هاواری نیشتمان "ی ئۆرگانی ( یەکەتیی جەوانانی دیمۆکراتی کوردستان ) هەر یەک ژمارەی بە گۆڤار لە ١ی خاکەلێوە١٣٢٥ی هەتاوی ـ ٢١ مارسی ١٩٤٦ لێ دەرچوو. تەنیا محەمەدی شا پەسندی لە بیرەوەرییەکانیدا وتوویە: بە ڕۆژنامە لێ بڵاو بۆوتەوە. بەڵام دیاریی نەکردووە چەند ژمارە بووە. ئەم پێنج ژمارەیەی " هاواری نیشتمان " بەڵگەن کە دوای ٤٩ ڕۆژ لە دەرچوونی بە شێوەی گۆڤار نەزانراوە لەبەر هیچ هۆیەک بە شێوەی ڕۆژنامە بڵاوبۆوتەوە وەک دیارە لەهەر دوو باردار هەر ( یەکەتیی جەوانان ) خاوەنی ئیمتیاز و" سەدیقی ئەنجیری ئـــازەریش " مودیری مەسئول بووە.

هاواری نیشتمان لە چاپخانەی کوردستان لە شاری مەهاباد لە چاپ دراوە. مێژووی دەرچوونی، کە هی هەتاویی تێدا کراوە بە بنچینە بەم شیوەیەی لای خواروەوە:

| | | |
|---|---|---|
| ژمارە ١ ـ | پێنج شەمموو ١٩ی | بـــانەمـــەڕ ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦ |
| ژمارە ٢ ـ | یەک شەمموو ٢٩ی | بـــانەمـــەڕ ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦ |
| ژمارە ٣ ـ | پێنج شـــەممو ٧ی | جۆزەردانی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦ |
| ژمارە ٤ ـ | شـــــــــەممو ١٧ی | جۆزەردانی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦ |
| ژمارە ٥ ـ | یـــەک شـــەممو ٢ی | پۆشپەڕی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦ |

نووسەرانی گۆڤاری " هاواری نیشتمان "


ئەنوەر دڵسۆز: ١ وتار ـ مەلای داودی: ١ وتار ـ دڵشاد ڕەسووڵی ٢ وتار ـ س. نانەوازادە: ٢ وتار ـ سەدیق ئەنجیری ئازەر: ٣ وتار ( مودیر مەسئوولی گۆڤارەکە بووە ) ـ م. وردی: ٣ وتار و ١ شیعر ـ م. ئازەر ١ وتار ( محەمەد شاپەسندی یە ).

ڕۆژنامەکە دانەی بە ١٠ شاهی بووە، بۆ بەشدارانی کڕینیش ١٠٠ ژمارەی ٥٠ ریال و ٥٠ی بە ٢٥ ریال بووە.

مودیر و مەسئوولی گۆڤارەکە " سەدیق ئەنجیری ئازەر " بووە.

ڕۆژنـــامـــەی کوردستان: ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح سدیق ساڵح، بنکەی ژین ساڵی ٢٠٠٧





هاواری

نیشتمان

سالی تازە

وێنە: گـــۆڤـــاری " هـــاوارای نیشتمـــان "ـ ســـەدیق ئـــەنجیری ئـــازەر

گۆڤاری "گڕو گاڵی منداڵانی کورد "

لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، ئەم گۆڤارە، یەکەمین گۆڤاری کوردییە بۆ منداڵان تەرخان کراوە. دەکرێ لێرەوە دەرک بە ستراتیژی ڕاگەیاندنی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان و سیاسەتی دوربینانەی ئەوان بکەین.

ڕۆژنامەنووسیی منداڵان زمانی منداڵ بەو وشەو زاراوە دەوڵەمەند دەکات و زمان پاراوی دەکات، کە ئەمەش شێوازێکی کۆمەڵایەتییە زمانیان بەهێز دەکات. بێگومان هەر ئەو سۆنگەو ڕوانگەیەش بووە، کە هانی ڕۆشنبیران و کاربەدەستانی سەردەمی کۆماری داوە بیر لەوە بکەنەوە، گۆڤارێک بۆ منداڵان با سادەو بێ ئیمکانیاتیش بێت بڵاوبکەنەوە.

ئەو گۆڤارە هەرگیز لە ئاستی خواستی ئەواندا نەبوو لە هەموو ڕوویەکەوە، چ لە ئاستی ناوەڕۆکی بابەتەکان و چ لە ئاستی خواستی هونەریی ناو گۆڤارەکە، کە پێویستی بە وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ و چاپەمەنی پێشکەوتوو و جۆرەها یاری و نەخشەو زەخرەفە هەبوو، چونکە نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت ڕۆژنامەنووسیی منداڵان بە پلەی یەکەم پشت بە هەستی بینین دەبەستێ و ئەوەی بە چاو دەیبینێ زۆر کاریگەری زیاترە لەوەی دەیخوێنێتەوە، بە تایبەتی لە قوناغی زووی پێش چوونە خوێندنگا.

ئەم گۆڤارە زۆر کەمی لە بارەوە نووسراوەو ئەوانەی کە نووسراویشن پڕ لە زانیاری هەڵەن و یان ئاماژەیان بۆ تاقە ژمارەیەکی کردووەو ئەوانی دیکەیان پشت گوێ خستووە.

گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵانی کورد " سێ ژمارەی لێ دەرچوە و سەرپەستیاری چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد، " مەلا قادر مودەرریسی " بەو پێیە کە بەڕێوەبەری چاپخانە بووە، هەر خۆی سەرپەرستی گۆڤارەکەی کردووەو بەرهەمی زۆری خۆی لەوێ بڵاوکردۆتەوە.

هەر جاری ژمارەیەکی گۆڤارەکەی پێشکەش بە کەسێ یان شەهیدێ کردووە. ژمارەی یەکەمی پێشکەش بە ڕۆڵەی قازی پێشەوا " عەلی " کراوە بەو ئومێدەی کە ببێتە تاقە گوڵی هیوای کوردستان لە پاشەڕۆژدا و ژمارەی دووەمی پێشکەش بە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان کراوە و نووسراوە:

" بۆ ئەو لاشە بە قیمەتانەی کە لە ڕۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠دا لە خوێنی سووری پاکی خۆیاندا بە دەست ئیستعمارەوە تلانەوە.

بۆ ئەو منداڵانەی کە ئەو ڕۆژە گرِوگاڵی ئازادیان دەکرد ئەوڕۆ جەوانی کوردن و میللەتی کوردی بە بیرەوەری خوێناوی باوک و باپیریانەوە بە ڕەوشەن فکری، نیشتمان پەروەری خۆیانەوە دەگەنە مەیدانی ئازادی.

بۆ گیانی پاکی شەهیدانی لە دار دراوی تورکیای دیکتاتۆر کە ئێستا ڕۆحی میللیان لە ئاسمانی ئازادی کوردستاندا لە ملەدایە ئەم گرِوگاڵە پێشکەشە".

بە بۆچوونی ئێمە: لە لایکی دیکەوە ئەوانەی گۆڤارەکەیان بەڕێوە بردووە، شارەزای دنیای منداڵان و خوێندکاران نەبوونە، ئەوەتا خۆیان نووسیویانە: "ئامۆژگارانی خۆشەویست

ئەو مجلەیە تەنیا بۆ ڕووناک کردنی بیری خوێندەواران و منداڵانی کوردە. وە چوون لە ڕێگای تەعلیم و تەربیەت دا ئێوە لە ئێمە شارەزاترن، تکایە نەزەریەی خۆتانمان بۆ بنووسن تا هەر چۆنێکی باش بێ و هەر جۆرێکی دەگەڵ بیری خوێندەداران موساعیدتر بێ، بەو جۆرە ژمارەکانی دوایی وەدەر بخەین ".

هەر لە هەمان بانگەوازدا داوا لە منداڵانیش دەکات بەشداری بکەن و بەرهەمی خۆیان ڕەوانە بکەن و دەڵێ:

" منالآنی خۆشەویست ئەو گۆڤارە هی ئێوەیە دەتوانن لە موندەرەجات دا شیرکەت بکەن ".

لایەنێکی سەرکەوتووی گۆڤارەکە لەوەدایە، کە فرە بابەتی جیاوازی تێدایە لە هەقایەت و شێعرو جوگرافیا و بیرکاری و ڕێزمانی کوردی و ڕەوشت و پەروەردە....

ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢ ـ ١٩٤٧ نووسینی: د. هیمدادی حوسێن، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٨

ژمارە ١ ، ١ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٢٥ ـ ٢١ی ئاوریلی ١٩٤٦ لە ١٥ لاپەڕەدا

ژمارە ٢، ١ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٢٥ ـ ٢٢ی مەی ١٩٤٦ لە ١٦ لاپەڕەدا

ژمارە ٣، ١ی پۆشپەڕی ساڵی ١٣٢٥ ـ ٢٢ی ژوئینی ١٩٤٦ لە ١٤ لاپەڕەدا

نووسەرانی ئەم گۆڤارە: وەهاب بلوریان ـ هەژار ـ هێمن ـ دڵشاد ڕەسووڵی ـ مەلا قادر مودەڕڕیسی ـ حوسێن فەقێ زادە ـ سەعید زەرگەیی ( هۆمێد ) ـ سەدیق بەکری ـووردی ـ م. ص. قزڵجی ـ محەمەد عەتری گڵۆڵانی ـ محەمەد ئازەر. هەروەها لە شێعری مامۆستایان پیرمێرد و شیعری حاجی قادر کۆیش کەڵک وەرگیراوە.


لەسەر بەرگی هەر سێ ژمارەی گۆڤارەکە نووسراوە: " بە نێوی خودای بێ هەوتا. بژی کورد و کوردستانی مەزن ". و لەژێر ناوی گۆڤارەکە نووسراوە: " بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان ". تەنیا لەسەر بەرگی سێ وێنەی سەلاحەددینی ئەییوبی چاپ کراوە و ئەم دێڕەی لە پاڵدا نووسراوە: " تۆ نەمەردوی ئەی سەلاحەددین ئەییوبی نسب ". " هەر بژی ئەی فەخریقەومی کورد و سوڵتانی عەرەب ". لە ناو گۆڤارەکەدا، جگە لە ژمارە دوو، کە وێنەیەکی لە دوو کچە کورد تێدایە، لە هیچ وێنەیەک کەڵک وەرنەگیراوە.

گڕوگاڵی منداڵانی کورد، یەکەمین گۆڤاری منداڵان بە زمانی کوردی

عەبدوڵڵا سەمەدی

لـــە لاپەڕەی فـــەیسبووکی بـــەڕێز کـاک عــەبدوڵڵا سەمـەدی وەرگیراوە.






وێنـە: گـۆڤـاری "گـرو گـاڵـی منداڵانـی کــورد "ـ مـــەلا قـــادر مـودەڕڕیسی

گۆڤاری " ئاوات "

محەمەد شاپەسندی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ: لە مانگی (مارسی ١٩٤٥ ـ ڕەشەمەی ١٣٢٣ی هەتاوی )دا عەبدوڕەحمان زەبیحی لە تەورێز ئامێرێکی چاپی بچووکی دەس کەوتبوو، نیازمان وابوو لەمەودوا ژمارەکانی گۆڤاری " نیشتمان " لە مەهاباد بەو ئامێرە چاپ بکەین. لەبەر ئەوە بە باشمان زانی تاریخی پەیداکردنی ئامێرەکە بە بناغەی دامەرزانی چاپخانەی " نیشتمان " دابنێین، بۆ ئەم مەبەستە لە ژێرخانی خانووی دوکتۆر " ویناثان " دامانمەزراند و حروف و کەرەسەی پێویستمان بۆ پەیداکرد.

دڵمان بەوە خۆش بوو کە ئەمە ئەووەڵ چاپخانەیە تا ئەوکاتە لە شاری مەهاباد دامەزرێ، جگە لەوەی کە ئیتر بۆ چاپی گۆڤاری " نیشتمان " پێویستمان بە چاپخانەی ( خەلیفەگەری ) تەورێز نابێ. خۆم چاوەڕوان بووم زەبیحی لە سەفەری سێ سنوور بگەڕێتەوە و دەست بکەین بە چاپی ژمارە ١٠ی " نیشتمان "، بەڵام پاش دوو سێ هەفتە لە ڕۆیشتنیان، هەواڵ گەیشت کە زەبیحی و هاوڕێکانی لە گەڕانەوەدا لە ( باڵانیش )ی ورمێ لە لایەن لەشکری ئێرانەوە گیراون و قۆڵبەست ڕەوانەی تاران کراون.


ئەم هەواڵە ناخۆشە لە دوو سەرەوە بوو بەهۆی ناڕەحەتی و شپرزەییم: سەرێکیان گیرانی ئەم برادەرانە کە خوا دەزانێ ڕەژیم چییان بەسەر دێنێ، لەوسەریشەوە بێکار مانەوەی چاپخانەکە، ئەگەرچی هێندێک نووسین و بابەتی ئامادە بۆ چاپ لەژێر دەستمدا بوو. بەڵام بە ئامادە نەبوونی زەبیحی کە سەرپەرشتیی گۆڤارەکەی بە ئەستۆوە بوو، نەدەکرا لەخۆمەوە دەستی پێبکەم. پاش ئەمە کەوتمە سەر بیری ئەوە، با لەخۆمەوە و لەسەر مەسئوولییەتی خۆم گۆڤارێک بە کوردی بڵاو بکەمەوە. ئەمەم بە بیرۆکەیەکی باش لێک دایەوە.


جێ بە جێ دەستم بە ئامادەکاری کرد. بە یادی زەبیحی و بە سەردێڕی (برای دوورم! ) بابەتێکم ئامادە کردو سەردێڕی زۆر لە نووسینەکانی "زەبیحی "م لە بڵاوکراوەکانی " ژ ـ ک "دا تێدا گونجاند، بۆ ئەوەی ناوی زەبیحی بێنم. هەروەها چەند بابەتێکی تر لەگەڵ چەند پارچە شیعری هەژار و هێمن و بابەتێکی دیکە بەناوی " محاکەمەی هیتلەر لە دۆزەخ " دا. ئەمانە بریتی بوون لە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە ژمارە ١ " ئاوات ".

ئەم گۆڤارە لە ١ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤ ـ ٢٤ ئووتی ١٩٤٥دا تەنیا یەک ژمارەی لەلایەن محەمەدی شاپەسندی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ساڵی ١٩٩١ کە بۆ سەردانی خزمان لە مەهاباد بووم، هەوڵم دا بەڵکوو نوسخەیەکم لەو گۆڤارە دەست بکەوێ، بەڵام بێ سوود بوو، تەنیا بەرگی گۆڤاری" ئاوات "م لە ئارشیڤی مامۆستا عوبەیدوڵلا ئەیووبیان چاو پێکەوت.

پاش بڵاوبوونەوەی گۆڤاری " ئاوات "، کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بەهۆی کاک محەمەدی یاهوو وەڵامیان ناردبوو، سەرزەنشتیان کردبووم کە بۆچی بێ پرس و ئیجازەی ئەوان گۆڤاری " ئاوات "م بڵاو کردۆتەوە؟!

بیرەوەریەکانی محەمەد شاپەسندی، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، سلێمانی چاپخانەی شڤان، لە بڵاوکردنەوەی بنکەی ژین ساڵی ٢٠٠٧





اوات

گۆڤارێکی ئەدەبی و تاریخی و کۆمەلایەتی کوردییە

ژمارە ۱ سالی یەک ی خەزەلوەری ۱۳۲٤-۲۳ی ئۆکتۆبری ۱۹٤٥

جەنابی شێخ عەبدولقادر

ڕیزەیان بەستبوو لە پێش چاوی منا گشتی هەموو

ئەو شەهیدانەی کە خنکاون بە سەد ئاواتەوە

وێنە: سەربەرگی گۆڤاری " ئاوات "ـ محەمەدی شاپەسندی

وێنەی گۆڤاری " ئاوات " لە کتێبی، سێبەری ئازادی هەوراز و نشێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ژێ ـ کاف، ١٣٢٤ـ ١٣٢١ نووسەر: کەماڵ عەبدوڵڵاهی، بنکەی ژین ساڵی ٢٠٠٨ وەرگیراوە.

گۆڤاری " هەڵاڵە "

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦ مزگینی ڕاگەیاندنی دەرچوونی گۆڤاری "هەڵاڵە" دەدا و دەنووسێ: خوێندەوارانی خۆشەویست پێویست نیە پێوبڵێم کە سەرچاوەری پێشکەوتنی هەر میللەتێک بەستە بە تۆسعەی عیلم و فەرهەنگ و بڵاوکردنەوەی بیری چاک بە وەسیلەی ڕۆژنامە و مجەلەیە:

ئەگەر ئێوەش تالبی پێشکەوتن و ژیانێکی زیندوو و سەربەرزن پێویستە لە ڕۆژنامە و مجەلەکانی بیری کوردوستان بە دڵێکی گەرمەوە پێشوازی بکەن.

ئەوە لە پاش چەند ڕۆژێکی تر لە لایەن لکی دێمۆکراتی بۆکان مجەلەیەک بەنێوی " هەڵاڵە " کە لە چاترین مجەلەکانی دوونیای ئەوڕۆ بۆ ئێمەیە چاپ و دەردەکەوێ. هۆمێدم وایە کە هەموو کەس بۆ کڕینی قەبزی ئابوونمانی پێش بڵاوکردنەوە کە شەش تمەن لە پاش بڵاوکردنەوە هەرزانترە پێش دەستی بکات وەئیلا پەشیمانی دوایە قازانجێکی نیە.

هاشم خەلیل زادە

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦ دووشەممووی ١ی ڕێبەندان ساڵی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦

ژمارەی ١ گۆڤاری " هەڵاڵە " ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦ لە چاپخانەی بۆکان، مدیر و مەسئوولی مامۆستا حەسەنی قزڵجی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

لە سەردێری یەکەم ژمارەی گۆڤاری " هەڵاڵە "دا نووسراوە: ئامانجی ئێمە بە پشتیوانی خودا سەرخستن و ڕووناک کردنەوەی بیری هەمووانە.

ڕۆژنامەی کوردستان دەنووسێ:

هەڵاڵە دەرهات

ژمارەی ٢ گۆڤاری " هەڵاڵە " کە بە مودیریتی برای زانا حەسەنی قزڵجی لە بۆکان بڵاودەبێتەوە، بە شێوەیێکی بێ وێنە لە چاپ دەرهات ڕەنگی جوانی غەم ڕەوێنە بۆنی خۆشی دڵـڕفێنە، بیکڕە و بیخوێنەوە و جەزمی یەکەم لە دیوانی قانعیش هەر لەوێ لە چاپ هاتەدەر.... جێگای فرۆشی، مەهاباد چاپخانەی کوردستان.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٨ شەممۆ ٢٨ بانەمەڕ ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

ئابوونە:

ئابوونەی ساڵانە بۆ هەمووان و لە هەموو جێیەک ١٢ تمەنە، بۆ مەلا و فەقێ و مۆعلیم و قووتابی ٨ تمەن. دانەی تمەنێک.

نێو و نیشانی " هەڵاڵە "

بۆکان: کۆمێتەی مەحەلی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لکی بۆکان گۆڤاری "هەڵاڵە "

مدیری ئیدارە: ح ـ قزڵجی


گۆڤاری " هەڵاڵە " ژمارە ١ ڕەشەمەی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٥


گۆڤاری " هەڵاڵە " سێ ژمارەی لێ چاپ و بڵابۆتەوە:

ژمارە ١ ڕەشەمەی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٥

ژمارە ٢ خاکەلێوەی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

ژمارە ٣ بانەمەڕی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦






وێنە: گۆڤاری " هەلاڵە "ـ مامۆستا حەسەنی قزڵجی

گۆڤاری " زانست "

بۆ زانین

گۆڤاری " زانست " گۆڤارێکی زانستی، کۆمەڵایەتی، تەربیەتی، ئەدەبیە. لە مانگی پۆشپەڕی ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦وە مانگێ ژمارەیەک وەدەردەکەوێ. لە نووسەرانی بەرزی کوردستان تکا دەکەین مقالاتی ئەدەبی، زانستی، کۆمەڵایەتی، تەربیەتی، بە نیشانی " وەزارەتی فەرهەنگ دەفتەری گۆڤاری زانست " بۆمان بنێرن تا لە گۆڤاری " زانست "دا دەرج بکرێ.


مودیری مەسئول و خاوەن ئیمتیاز

دڵشاد ڕەسووڵی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦١ شەممۆ ی١ پۆشپەڕی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

هیچ بەڵگەیەک لە دەستدا نیە، کە ئەم گۆڤارە چاپ و بڵاوکرابێتەوە.






وێنە: گۆڤاری" زانست" لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٦١ ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦ وەرگیراوە ـ دڵشاد ڕەسووڵی

## گۆڤاری هاواری کورد

گۆڤاری هاواری کورد یەکەم ژمارەی لە ڕەزبەری ساڵی ١٣٢٤ ( سێپتامبری ساڵی ١٩٤٥ ) چاپ و بڵاو کراوەتەوە. دەرچوونی ئەو گۆڤارە هاوکات بووە لەگەڵ هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی " ژ ـ ک " و سەروبەندی کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. بەڵگەشمان بۆ ئەو قسانە ئەوەیە کە کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ ( ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ ) ڕاگەیاندنی کۆمار چاپ کراوە و لەبەر فشاری ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ رووسەکان. سەرەڕای هەڵنەوەشاندنەوەی بە ڕەسمی کۆمەڵەی "ژـک "ماوە و دەرفەتی چاپی ژمارەکانی داهاتووی پێنەدراوە. ڕوونیش نییە بە چ هۆیەک گۆڤارەکەیان ناو ناوە " هاوار " کە بە بڕاوی من هۆیەکەی هەر درێژەی ئەو باسانەیە کە نیشتمانی ( ٧و٨و٩ )دا شیمان کردنەوە و ئەو هاوارە لەدەست هێندێک لە کاربەدەستانی ناو کۆمەڵەی " ژ ـ ک "ە کە لە ژێر فشاری ڕووسەکان لە لایەک و بە پێویست زانینی گۆڕینی ناوی کۆمەڵە لە لایەکی دیکەیە. گرینگی ئەو باسەشمان کاتێک بۆ ڕوون دەبێتەوە کە سەرنجێک بدەینە سەر ئەو باسەی کە یەکەم جار ناوی گۆڤارەکە " هاوار " بووە.

کاک عوبەیدیللا ئەیبووبیان دەڵێ: ئەو گۆڤارە کە لە لایەن چەند لایەنگر و تێکۆشەری ناو کۆمەڵەی " ژ ـ ک " چاپ کرا کە کاک " مستەفا نەژادی " ئەندامی چالاکی کۆمەڵە و کاک " محەمەد شاپەسندی " دوو کەس لەو تێکۆشەرانە بوون. بەڵام بەپێچەوانەی بیروڕای کاک " عوبەیدیللا ئەیبووبیان " و بە پێی ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکە کە لە بەردستماندا بوو و هەروەها بە چاوخشاندنێک بەسەر لاپەڕەکانی ئەو ژمارەیەدا ناوێک لەو دوو ئەندامانەی سەروو نابینین و تەنیا ناوی "سەید محەممەدی حەمیدی" (م.ح) وەک سەرنووسەر دەبینین. بەڵام ئەگەرچی ناوێک لەو دوو تێکۆشەرەی (کاک مستەفا نەژادی و کاک محەمەدی شاپەسندی ) لە گۆڤارەکەدا نابینین.


ناشتوانین حاشا لە یارمەتی ئەو دوو کەسە بکەین. ڕەنگە لە چاپەکەیدا یارمەتییان دابن و زۆر ماندوو بووبن.

دووکتور " کەماڵ مەزهەر ئەحمەد " لە کتێبەکەیدا " تێگەیشتنی ڕاستیی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردیدا " دەنووسێ: لەسەر بەرگی یەکەمی تەنها " هاوار " و لەسەر بەرگی دووهەمی " هاواری کورد " نووسراوە. بە چاوخشاندنێک بەسەر لاپەڕەکانی یەکەم و دووهەمی ئەو تاقە یەک ژمارەی گۆڤارەکە، هێندێک دەکەوینە شک و گومانەوە و دێینە سەر ئەو باوەڕە کە بۆی هەیە ئەم گۆڤارەش بە دەردی ژمارەی کۆتایی " نیشتمان "ەوە چووبێ. هۆکارەکانی هاتنە سەر ئەو باوەڕەشمان یەکەمیان: وەک لە پێشتر باسمان کرد رووبەرگی گۆڤارەکەیە. دووهەمیش: ئەوە کە بەپێچەوانەی هەموو ژمارەکانی گۆڤاری " نیشتمان ".

لە گۆڤاری " هاوار "دا پێڕست ( فێهرست )ی بابەتەکان و ناوی نووسەر و لاپەڕەکانی وەبەر چاو ناکەوێ. جگە لەوانە ئەگەر هێندێک سەرنج بدەینە سەر رووبەرگی گۆڤاری " هاوار کورد " جوان بۆمان دەردەکەوێ کە تەنانەت ئەو پیتانەی بە گۆڤاری " هاوار " ەوە لکێندراون. واتە "ی کورد "، لەگەڵ وشەی پیتی " هاوار " جیاوازییان هەیە. بە تایبەت وشەی "کورد " بە پیتێک چاپ کراوە کە نێو پیتەکانی بەتاڵە. ئەو جۆرە فۆنتە لەگەڵ فۆنتی وشەی "هاوار" جیاوازی هەیە.

گۆڤاری " هاوار ـ هاوار کورد "یش، ماوەی پێنەدرا پتر لە یەک ژمارەی لێ چاپ و بڵاوبێتەوە.

سێبەری ئــازادی، هەوراز و نشێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ژێ ـ کاف ١٣٢٤ ـ ١٣٢١ ، نووسەر: کەماڵ عەبدوڵڵاهی، بنکەی ژین سلێمانی٢٠٠٨







**وێنە: سەربەرگی یەکەم و دووهەمی گۆڤاری " هاوار ـ هاواری کورد "**

**لەکتێبی: سێبەری ئازادی، هەوراز و نشێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ژێ ـ کاف ، ١٣٢٤ ـ ١٣٢١ نووسەر: کەماڵ عەبدوڵڵاهی، بنکەی ژین سلێمانی ساڵی٢٠٠٨**

گۆڤاری کوردستان

ژمارەی یەکەمی ساڵی یەکەمی گۆڤاری " کوردستان " لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤دا بەرامبەر ٦ی دیسامبری ١٩٤٥ لە چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد چاپ و بڵاوو بۆتەوە. گۆڤاری " کوردستان " لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە: "بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان" و گۆڤارێکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، سیاسییە، هەر ١٥ ڕۆژ جارێک بڵاودەکرێتەوە.

گۆڤارەکە خۆی بە ناونیشانی " خوێندەوارانی بەڕێز " ئامانجەکانی خۆی بەمجۆرە ڕوون کردۆتەوە:

خۆمان گەلێک بە بەختیار دەزانین کە بە یارمەتی خودا یەکەم ژمارەی گۆڤاری " کوردستان "تان پێشکەش دەکەین و هیوامان هەیە بە دڵێکی خۆش لێمان وەرگرن و لە حدوودی دەستەڵاتی خۆماندا بۆ بڵاوکردنەوە و ژیاندن و پێش خستنی ئەو گۆڤارە یارمەتیمان بدەن تا ئەیگەیەنینە ڕێزەی گۆڤارە هەرە چاکەکانی گێتی چوونکە ئەو هۆش و لێکدانەوە و گەرمییەی کە ئێمەی خستووتە سەر دەرهێنانی ئەم گۆڤارە لە دڵ گەرمتر و بە تینترە.

گۆڤاری " کوردستان " گۆڤارێکی ئەدەبی، تاریخی، کۆمەڵایەتی، مانگیی کوردییە یەکەمین ئارمانی بژار و ژیانەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردیە و زیندووکردنەوەی کورد و کوردستانە بە پێی شارەستانێتی ئەمڕۆ و بۆ ژیانەوەی نێو و ئاساری زانایانی کورد تەقەڵا دەدا.

ژمـارەی دووەمی لە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٢٤ بەرامبەر ٢١ی دیسامبری ١٩٤٥ دەرچووە.

دەرچـوونـی گۆڤاری " کوردستان " هاوزەمان بوو لـەگـەڵ هـەڵچوونـی بزووتنـەوەی نـەتـەوەیی کورد لـە ئێراندا. لـەو ماوەیـەدا رووداوی مێژووساز قـەومان. دەست کرا بـە دەرکردنـی ڕۆژنـامـەی "کوردستان "لـە هـەمان چاپخانـە و بـە هـەمان نووسـەر و کرێکار لـەبـەر ئـەوە ژمارەی سێیـەمـی گۆڤاری "کوردستان" دواکـەوتووە تا خاکـەلێوە.

ڕۆژنـامـەی کوردستان دەنووسێ:

گۆڤاری کوردستان ژمارە ٣ لـە چاپ دەرکـەوت

نرخ: ١٠ ریال

نرخ: بۆ شاگردان و مامۆستایان ٥ ریال

ڕۆژنـامـەی کوردستان ژمارە ٤٦ شـەممـوو ٢١ی بـانـەمـەڕ ١٣٢٥ ـ ١١ی مـەی ١٩٤٦

گۆڤاری "کوردستان " لـەگـەڵ ڕووخانـی حکوومـەتـی کوردستاندا لـە دەرکـەوتن کـەوت.



# کوردوستان

*********

بلاو ئەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردوستان

(گواریکی ئەدەبی، کومەلایەتی سیاسی کوردیە)

هەر پازدە روژ جاریك بلاو دەکریتەوە

٢ سالی یەکەم ٣٠ سەرماوەز ١٣٢٤ ٢١ دسامبر ٤٥

لەم ژمارەیەدا



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بان ز ادبیات کوردی | صفحەی | ١ | نوسەر | م حمید: |
| بوەنم بو وەطەنە | » | ٦ | » | خ شیراو |
| ری دیموکرات | » | ٧ | » | م هیمن |
| ەی دایکی نیشتمان | » | ٩ | » | ع خسرو |
| دەورە دەورەی هوەرو کاردەبی | » | ١٠ | » | م عیشنو |
| امەی کچیکی دیل | » | ١١ | » | م هیمن |
| رمیسکی هەنیو | » | ١٣ | » | ع. هەزار |
| دیموکراسی چیە | » | ١٤ | » | م نزادی |
| هەلدەکەم | » | ١٧ | » | م هیمن |
| ژنرالیسموس استالین | » | ١٨ | » | م حمیدی |



مهاباد چاپخانەی کوردوستان

وێنە: گۆڤاری کوردستان ـ سەید محەمەد حەمیدی سەرنووسەری گۆڤارەکە.

دڵشاد ڕەسووڵی لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤١دا لە وتاری " کورد شایــانی شانازییە" دەنووسێ: ئێمە دوو ساڵ پێش لە کۆمەڵەدا گۆڤاری "نیشتمان "مان وەدەردەخست کە هەتا هــەتایە گەنجینەیەکی تێدایە سوودی لێ وەردەگیرێ. بەڵێ "نیشتمان "بڵێسەیەک بوو تا وڵاتی کوردەواری ڕووناک نەکردەوە نەکوژاوە.

لە دوای ئەو گۆڤارە "هاوار "لە سابڵاغ وەدەرکەوت. زۆری پێ نەچوو "ئاوات" ئازەر هاتە وجوود. وابوو گۆڤاری " کوردستان " وەک گەلاوێژی ئاسمان لە وڵاتە جوانەکەی خۆمان دەستی کرد بە بڵێسەدان. دڵی دانیشتووانی وڵاتی شاد و ئی بەدکارانی بە لەرزە هێنا.

خۆ ڕۆژنامەی "کوردستان "یش هەر مەپرسە، گیانێکی لە پیاو ستاند و یەکی دیکەی پێ بــەخشی. بەڵێ گیانی دیلی و کزولی لێ ئەساتاندین و گیانێکی سەرکەش و ئازادی پێ بەخشین.

گۆڤاری " هەڵاڵە "ش لە بۆکان وەک هەڵاڵەیە لەنێو گوڵان. دارێکی زۆر بۆن خۆشە لەسەر هەر لکێکی بولبولێک دەخوێنێ و لە هەر خوێندنەی هەزاران دەرسی تێدایە و هەر دەرسەی چاوساغێکە بۆ ڕێگای سەربەرزی وڵات.

خۆ " گڕوگاڵی منداڵانی کورد" کە لە لایەن کارگەرانی چاپخانەی کوردستان وەدەردەکەوێ بە ڕاستی جێگای سەر بڵیندیە.

ڕۆژنــامەی کوردستان ژمارەی ٤١ دووشەممۆ ٩ی بانەمەڕ ساڵی ١٣٢٥ـ ١٩٤٦

سینەمای کوردستان

یەکێ لە هەوڵەکانی حکوومەتی کوردستان دامەزراندنی سینەما بووە. دیارە سینەما وەکوو هۆیەکی ڕاگەیاندنی بینراوە هەم بۆ گەشەپێدانی هۆشی سیاسی و کۆمەڵاتی خەڵک، بە تایبەتی نەخوێندەواران و هەم وەکوو هۆیەکی بەسەربردنی کات بایەخێکی زۆری هەبووە.

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە ١٢ دا دەنووسێ:

سینەمای کوردستان: برای خۆشەویست ئاغای "جەعفەری کەریمی "لە حیزب دێمۆکرات کوردستان داوای کردووە کە ئیمتیازی سینەمایەکی بەنێوی "سینەمای کوردستان" بدرێتێ. داوخوازی وی مەوریدی تەوەجوهی پێشەوای موعەزەمی کوردستان قەراری گرتووە و فەوری بە ژمارەی ٩١ـ١٤، ١١، ٢٤ ئیمتیازی دراوەتێ و زۆر تەقدیری لێکراوە و لەسەر ئەمری ریاست موعەزەمی جەمهوور یانەی قەپانی تووتن کێشان کە لە ئیدارەی تووتنی دامەزراوە بۆ کانگای سینەما هەڵبژێردراوە و دەستوور دراوە ئاغای "حەسەن ئەرجومەندی " مدیری سینەمای کوردستان خەریکی سازکردنی ئەسباب و بەجێ هێنانی وەزیفە بێت.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٢ شەممۆ ٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦

سەید محەمەد حەمیدی لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٣دا " کوردستان قسەدەکا " دەنووسێ: شارەکەمان مەهاباد کە پایەتەختی کوردستانی ئازادە ئیستگای رادیۆ و دەستگای سینەمای نەبوو. دەوڵەتی بەرزی شوورەوی بۆ ئیتمامی حوجەتی دۆستی خۆی لەسەر ئێمە یەک دەستگاە ئستاسیونی ڕادیۆ دەگەڵ بڵیندگۆ و یەک دەستگاە سینەمای سیاری بە کوردستانی ئازاد بەخشیش فەرموو. ئەوەتا دەبینین بۆ هەوەڵین جار لە هەوەڵی تاریخەوە تا ئەورۆ بڵیندگۆی ڕادیۆ دەنگ و هاوارمان بە گوێی ئەحادو ئەفرادی میللەتی کورد دەگەێنێ و بۆ شەویش دەستگای سینەما دەست بەکار دەکا.

ڕۆژنـــامـــەی کوردستان ژمارە ٤٣ شەممۆ ی١٤ بـــانـــەمـــەڕ ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

هەروەک دەزانین لە مانگی ڕێبەندان ساڵی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦ دەستووری دامەزراندنی سینەما و دانانی ئیمتیاز بە ئاغای "جەعفەر کەریمی" دراوە، لە مانگی بانەمەڕ دەستگایەک لە لایەن دەوڵەتی شوورەوی بە حکوومەتی کوردستان پێشکەش دەکرێ. لە مانگی پۆشپەری ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦ ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ٦٢دا بەم جۆرە باسی سینەمای کوردستان دەکا:

سینەمای کوردستان

سەحنەی سینەمای کوردستان کە چەندێ لەوەی پێش لە لایەن وەزارەتی بەرزی تەبلیغاتەوە دەست بە سازکردنی کرا بوو، دوایی هات و فیلمی نوێی زۆر ئەعلای ئەخلاقی کە ئەندازەی لەخۆبووردن و نیشتمانی پەرستی قارەمانی جەماهیری شوورەوی نیشان دەدا و دەنوێنێ کە ئەم میللەتە ئازایە بۆ پاراستنی نیشتمانی خۆشەویستیان چ فیداکارییەکیان بە خەرج داوە واریدی کراوە و دەستی بەکار کردووە، پێویستە برایانی نیشتەجێی مەهاباد و دەرووبەر ئیستیفادەی لێ بکەن و بە تایبەتی لەلایەن وەزارتی تەبلیغاتەوە ڕاگەیەندراوە کە لەکاتی چوون بۆ سینەما و لەوەختی وارید بوون و دانیشتن دا موراعاتی ئینزیبات بفەرموون.

ڕۆژنـــامـــەی کـوردستان ژمارەی ٦٢ چوارشەممۆ ٥ی پۆشپەڕی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

ماموستا حەسەنی قزڵجی لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٧١ مانگی گەلاوێژ بە شێوەیەکی ئەدەبی باس لە فیلمی " عـاسمان " دەکا کە لە سینەمای کوردستان نیشان دەدریٚ و دەنووسیٚ: تەماشاچیەکان لە هەیوان و سالونی دەشت و در و بازار و شەقام بڵاوو بۆنەوە و هەر کامێکیان بە کارێکەوە خەرێک بوون و هەر یەکی بەشتێک وەرەزییان دەشکاند. هەموویان خۆیان بۆ تەماشای فیلمی " عاسمان " ساز دەکرد و چاوەروان بوون وەختی بیو کۆببنەوە لالە سێبەر کە نیشانەی نیزیک بوونەوەی وەختی نیشـاندانی فیلم بوو داهات. تەماشاچیەکان هەر یەکەی لە لایەکەوە کۆبوونەوە و لە ( لۆژ )ی شار و دێهاتدا جێی خۆیان گرتەوە. چرای ڕۆژ کوژاوە و دەسکرا بە نیشاندانی فیلم.

ڕۆژنـامەی کوردستان ژمارەی ٧ یەکشەممۆ ٦ی گەلاوێژ ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦



وێنە: جەعفەر ئاغای کەریمی

دیاری کاک ئاکۆ کەریمی کە لە ڕێگای فەیسبووکەوە بۆی ناردم سپاسی دەکەم.

دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان

ئەندامانی کۆمەڵەی " ژ ـ ک " هەوڵوو زەحمەتێکی زۆریان کێشا بۆ دامەرزاندنی چاپخانە و دەرکردنی گۆڤارێکی سەربەخۆ. ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوی ڕووسیای باس لە وتووێژی شەرییۆف و دوو ئەندامی کۆمەلەی" ژ ـ ک" دەکا: لە ڕێکەوتی دووەمی فابریوەری ١٩٤٥، ڕەحمان زەبیحی و قاسمی ئیلخانی زادە هاتنە لام داوایان لێکردم کە ئیجازەیان بدرێتێ ڕێکخراوەی پەیوەندییەکانی کولتووری لەگەڵ سۆڤیت لە کوردستان درووست بکەن و سەربەخۆیش بێت. کاتێک ئەم مەسەلەیەم بۆ جەنابی زەبیحی ڕوونکردەوە پێموت کە ئێمە ناتوانین پێشیناری ئەوتۆ قەبووڵ بکەن.

زەبیحی وتی: ئەگەر ئێمە لقێکی ئەم ڕێکخراوە پێکبێنین و ناوی لێبنێین ڕێکخراوەی پەیوەندییەکانی کولتووری لەگەڵ سۆڤیەت.

لە وەڵامی پرسیاری من کە بۆچی ئەوانە نایانەوێ ناوی لێبنێن کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری ئێران لە گەڵ سۆڤیەت؟

زەبیحی وتی: ئێرانێکان ئێمەیان خۆش ناوێت و ڕێزمان لێناگرن و بە چاوێکی سووکەوە سەیرمان دەکەن. لەبەر ئەوە ئێمە حەزناکەین ناوی بەشی پەیوەندییەکانی کولتووری سۆڤیەت و ئێرانی پێوە بێت. بەڵکوو باشترە ناوی بەشی یان لقی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری سۆڤیەت بێت. بەکار هێنانی وشەی " ئێرانی " هەموو جارێک هەم زەبیحی و هەم ئیلخانیزادەی قەڵس و توڕە دەکرد.

زەبیحی وتی: کە ئێمە چارەڕەش ترین گەلین کە هیچ کەس هیچ یارمەتیکمان نادات.

منیش وتم بۆچ وا دەڵێی جەنابی زەبیحی؟ ئایا سوپای سووری ئازای ئێمە کەم قــازانجی بۆ گەلی کورد هێناوە. کـە ژمارەیێک لـە هۆزەکانی کوردی گەڕاندەوە بۆ سەرجێ و شوێنی خۆیان؟

زەبیحی وتی: زۆر ڕاست دەڵێی و کەس ناتوانی ئینکاری بکات. بەڵام بۆ بەم دواییانە یارمەتیمان نادەن؟

منیش پرسیارم کرد: وەک چی؟

وتی: بۆ وێنە ئێمە چووینە لای هاوڕێ " حەسەنوف " و داوای تیپۆگرافیمان (دەزگای چاپ) لێکرد کە زۆر پێویستمانە. بــەڵام تــا ئێستا هیچی نەکردووە. ئاخر ئێمە بەلاش، بەبێ پارە، نامانەوێ و تەنانەت ئامادەین نرخەکەیشی بە زێڕ بدەین و بەڵێنیتان پێدەدەین کە کەس لەم بارەوە ئاگادار نابێت.


پرسیارم کرد: تیپۆگرافیتان بۆ چییە؟

وتی: بۆ ئەوەیە کە گۆڤارو ڕۆژنامە و ئەدەبیاتی تری پێ چاپ بکەین و، لە ناو دانیشتوانی کورد بڵاویان بکەینەوە. ئەگەر بێت و تیپۆگرافیمان پێبدەن لە جێگایێکی وای دادەنێنین باڵداریش بەسەریدا نەفڕێت.

منیش بەڵێنم پێدان کە وتووێژی هاوڕێ " حەسەنۆف " لەم بارەوە لەگەڵ زەبیحی سەبارەت بە تیپۆگرافی ڕوون بکەمەوە کە چۆن بووە.

لە ڕاپۆرتی کونسۆلی سۆڤیەت لە ماکۆ باس لەوە دەکا: کە لەم دواییانەدا پارتی " ژ-ک " توانیویەتی دەزگایەکی چاپەمەنی بچوک بە ٢٠ هەزار ڕیاڵ بکرێت و چاپەمەنییەکانی پارتی لە مەهاباد دا بڵاوو بکاتەوە.

هێندێک بەڵگەو بۆچوون لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف، ئەفراسیاو هەورامی، گۆڤاری رابوون ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٩٨



وێنە لە ڕاستەوە: قاسمی ئیلخانی زادە ـ ڕەحمان زەبیحی

١٩٤٥/٣/٣ ژماره ١٥٤

ڕاپۆرتی و توویژی کۆنسۆڵی گەورەی یەکێتی سۆڤیت لە تەوریز

قولییێف. ن ـ گ لەگەڵ سەرکردەی بەناوبانگی کورد قازی محەمەد ٢٠ی فۆریەی ١٩٤٥

٢٠ فۆریەی ئەم ساڵ قازی محەمەد سەرکردەی بەناوبانگی کورد و دانیشتووی شاری مەهاباد لە گەڕانەوەی لە تارانەوە بۆ مەهاباد سەری کۆنسۆڵخانەی ئێمەی دا.

قازی محەمەد کوتی: لە تاران من چوومە باڵوێزخانەی سۆڤیەت و لەگەڵ باڵوێز وتوو وێژم کرد و ئەم داوایانەی خوارەوەم خستە بەردەمی:

١ـ ڕێکخستنی بەشی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری سۆڤیت لەگەڵ ئێران لە شاری مەهاباد.

٢ـ کردنەوەی دەورەی فێربوونی زمانی ڕووسی.

٣ـ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی بازرگانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بۆ فرۆشتینی بەرهەمی پیشەسازی سۆڤیەت لە مەهاباد. هەروەها ڕێکخستنی کڕینی کەلوپەلی ئێمە لەلایەن ڕێکخراوە بازرگانییەکانی سۆڤیەتەوە بوار بدرێت ڕاستەوخۆ پێک بێین.

٤ـ تیپۆگرافێک ( دەزگای چاپ کردن )

باڵوێز بەڵێنی دا بۆ بەدیهێنانی ئەو داخوازییانەی سەرەوە بە گوێرەی توانا یارمەتیمان بدات.

هێندێک بەڵگەو بۆچوون لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف ـ ئەفراسیاو هەورامی، گۆڤاری رابوون ژمارە ٢٤ ساڵی ١٩٩٨

نامەی هەفتەی "کوهستان " ژمارە ٣١ خەبەری گەڕانەوەی قازی محەمەد لە باکۆ بڵاو دەکاتەوە و دەنووسێ: قازی محەمەد لە گەڕانەوە لە باکۆ شەش تۆن کاغەز و دوو دەزگای ماشێنی چاپی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە.

هەفتەنامەی کوهستان ژمارە ٣١ دووشەنبە ٣٠ ڕەزبەری ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦

لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١ بیستی بەفرانباری ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦ پێشەوا قازی محەمەد وتووێژێکی لەگەڵ ئاغای تەفەزولی، عەباس شاهەند و بزورگی عەلەوی لە مەهاباد دەکا. لە وەڵامی ئەو پرسیارە:

ـ لە تاران دەڵێن جەنابت چەند کەست بۆ باکۆ ناردووە و لەوەی چاپخانە و کاغەز و ئەسلەحەیان هێناوە و تەشکیلی حیزبی کۆمۆنیستت داوە ئایا ڕاستە؟

ـ ئەم قسانە کاربەدەستانی لەشکری بۆمان هەڵدەبەستن. ئەوانە ڕاست نینن کاغەز و چاپخانەمان لە تەورێز کریوە و ئێوەش دەتوانن لەو جێگای لێمان کڕیوە ئاگادار بن.

سەید محەمەد حەمیدی لە جێژنی کردنەوەی چاپخانەی کوردستان دەڵێ: ڕۆژی بیستەمی مانگی بەفرانبار " دی ماە ١٣٢٤ " ڕۆژیکە کە ئەستیرەی خوشبەختی کورد هاتووتە درەوشین لە نەتیجەی کۆششی جەوانانی بەغیرەت و پیرانی ساحەب تدبیر توانیمان چاپخانەیەکی وا کە بتوانی دەگەڵ چاپخانەی شارانی گەورە بەرابەری بکا، بکڕین و لە " مەهاباد" کە ئومێدەوارم لە ماوەیەکی کەمدا ببێتە هەوەڵ شاری تاریخی کوردستان وەکاری خەین.

دامەزراندی چاپخانەی کوردستان و چاپخانەی بۆکان ڕووداوێکی گرینگ بووە لە مێژووی ڕوشنبیری و سیاسی کوردستانی ئێراندا.

محەمەد شاپەسەندی لە بیرەوەرییەکانی دەنووسێ: ئەو دەزگایە لە مانگی ئوکتۆبری ١٩٤٥دا گەیشتە مەهاباد. ماوەی دوو هەفتە دوو ئەندازیاری ڕووسی خەریکی دامەزراندنی بوون. لەو ماوەیەدا کارەگەران خەریکی دابەشکردنی و جورکردنی پیتەکان و مەشقکردنی و ڕاهێنان لەسەر دەزگای پیتەکان بوون. چاپخانە لە ماوەیەکی کەمدا ئامادە کرا.

ئەم کارگەرە دڵسۆزانە بە هیچ دەوامێکی ڕەسمی و دیاریکراوەوە بەستراو نەبوون. تا تەواوبوونی ڕۆژنامە یا ئەو کارە کە لەبەر دەستیاندا بوو، دەستیان لە کار نەدەکێشایەوە. دەستی کەم حەوتووی یەک دوو شەو تا ڕۆژ خەریکی کار بوون.

بیرەوەریەکانی محەمەد شاپەسەندی، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح ، سلێمانی چاپخانەی شڤان لە بڵاوکردنەوەی بنکەی ژیـن ساڵی ٢٠٠٧

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە ٣دا بەم جۆرە باس لە کردنەوەی چاپخانەیەکی گەورە لە مەهاباد دەکا:

جێژنی کردنەوەی ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان

ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٢٠ ساتی ٥ی پاش نیوەڕۆ لە ئیدارەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان بە موناسەبەتی کردنەوەی ئیدارە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان جێژنێکی بە شەوکەت گیرا. لەپێشدا جەنابی حاجی بابا شێخ بە نوتقێکی کورت جەلەسەی ئیفتیتاح فەرموو، و لە زمندا لە جەنابی قازی محەمەد ڕەئیسی حیزبی دێمۆکرات و پێشەوای میللی و دیینی کوردستان زۆر تـەمجید و تەحسینی کردو فەرمووی: وجودی وی بۆ مە غەنیمەتە و هەر ئەو دەتوانێ کەشتی کوردستان لە نێو شەپۆلی سیاسەت دا بگەیەنیتە ساحیل.

ئاغایانی قادر مودەرڕیسی بە سەرۆکی بنگاه چاپخانە و عەلی خوسرەوی بە مدیری داخلی چاپخانە و ئاغای سەید محەمەد حەمیدی بە مودیر و سەردەبیر ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان مەعرفی کران.

مامۆستا هێمن لە وتووێژ لەگەڵ ڕەفیق سابیر و کەماڵ میراودەلی دەڵێ: چوار کرێکارمان هەبوو، کەس هەر چاپی نەدیبوو، خەڵک دەهاتە سەیری چاپخانە ڕادەستا بۆ ئەوەی چاپخانە ببینێ. چوار منداڵی بچکۆڵەمان فێر کردبوو زۆر مورەتەب بوون، پێشەوا کە دەهات ئاسنەکەی ماچ دەکرد، دیە وت ئەو چاپخانە سەقافەتی کوردە، برا سۆڤیەتەکانمان کوردێکیان دوو کوردیان بۆ ناردبووین، دەیان وت کوردی سۆڤیەتن و کەس تێیان نەدەگەیشت، بەڵام یارمەتییان داین.

هێمن و سازی نـاساز، کۆکـەرەوە و ئـامادەکار: فارووق فەرهاد سوئید ٢٠١٩

عـەبدولقادر دەباغی لە بارەی گرنگی چاپخانە دەڵێ: چاپخانـەی کوردستان لەو سەردەمەدا ئـەوندە گرنگ بوو کە زۆربـەی ڕۆژان، پێشەوای شەهید سەر لە بەیانیان بەر لـە گشت کارێ دەچوو چاپخانـە، چاوی بە کاک مودەرڕیسی و زانای خۆشەویست خواڵیخۆشبوو سەید محەمەد حەمەیدی دەکەوت و وتووێژی لەگەڵدا دەکردن. چونکە سەرەڕای ڕۆژنامەی " کوردستان "تەواوی ئیعلامیە و هەموو بەشی تەبلیغات بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەر لەوێدا چاپ دەبوو، دەبوو کەسانێکی زانا و ئەدیب و جێگەی متمانە لەوێ بن.

ڕۆژنـامەنووسی کوردی سەردەمی کۆمار دێمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢ ـ ١٩٤٧
د. هیمداد حوسێن، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٨

ئارچی ڕۆزوڵت دەنووسێ: دارو دیواری ئەو خانووبەرەیەی کەوا دەوڵەتی قازی تێدابوو، بە تەواوی پۆستەری تەبلیغاتی سۆڤیەتی لێدرابوو. ڕۆژنامە و بڵاتڤۆکەکان پڕ بوون لە وتاروو ماتڕیالی ئەوتۆ کە ڕاستەخۆ وشە بە وشە لە ڕووسی را کرابوون بە کوردی.

کۆمــاری کورد لـــە مـــەهاباد، ئارچی ڕۆزوڵت، وەرگێڕ: خالد عەزیزی ١٩٩١

سەعید ناکام دەنووسێ: ئەو چاپخانەیە توانایی دەرکردنی ١٥ هەزار نوسخەی لە یەک ڕۆژدا هەبوو. کێشەی گەورەی چاپخانە نەبوونی کارەبای تەواو بوو و کاتێک دەست بەکار دەکرا، چرای ماڵان و شەقامەکانی شار دەبوو بکوژێتەوە. بۆ چارەسەری ئەو وەزعە حیزبی دێمۆکرات هەوڵی دا هەم مەکینە بۆ شار پەیدا بکا هەم چاپخانە. پاش دوو مانگ مەکینەیەک بۆ چاپخانە ئامادە کرا.

بیرەوەرییەکـانی " سەعید نـاکـام "، دەزگـای ئـاراس، هــەولێر ساڵی ٢٠٠٣

ئارچی ڕۆزوڵت دەنووسێ: دەوڵەتی ئێران بۆ لەناو بردن و سڕینەوەی شوێنەواری دەوڵەتی قازی محەمەد کەمپانێکی بەربڵاوی وەڕێ خست. چاپخانە و ڕۆژنامە نووسینی کوردی خڕکرایەوە و خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە کرا و هەموو کتێبەکان لەبەر چاوی خەڵک ئاگریان لێ بەردرا.

کۆمــاری کورد لـــە مـــەهاباد، ئارچی ڕۆزوڵت، وەرگێڕ: خالد عەزیزی، ١٩٩١

گەیشتنی چاپخانە و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان دەنگ و سەدایەکی زۆری دایەوە و بە جارێ دەنگی ناڕەزایی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تاران بەرز بۆوە و پێی شڵەژان، تەنانەت ڕۆژنامەی " تهران امروز " لە ١٩٤٥دا نووسیویەتی: دەبێ زاری کوردان پڕ لە ئاسن بکرێ و ڕۆژنامە کوردییەکەشیان تەفروتونا بکرێ.

لێرەوە دەکرێ دەرک بە وشە و ڕۆژنامەنووسی ڕاچەنیوی شۆڕشگێڕ بکرێ، کە چۆن دوژمن زەندق دەبا و ترس و سام دەخاتە دڵیانەوە دەبێتە چەکێکی کاریگەر بۆ خەبات و بە درۆ خستنەوەی پڕۆپاگەندەی دوژمنان. ئەمەش سیفەتێکی دیاری ڕۆژنامەنووسی کوردی بووە، هەر لە سەرەتاوە ئەو سروشتەی بووە.

هەرکاتێ کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا نیمچە ئازادی و سەربەخۆییەکی بۆ هەڵکەوتبێ، چاپخانە بە ئیش کەوەتووە و ژمارەیەکی باش ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردی هاتۆتە بەرهەم. باشترین بەڵگەشمان هاتنە وجوودی کۆماری کوردستان بەڵگەیەکی زیندووە، کە چ بووژانەوەیەکی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی گەورە هاتۆتە ئاراوە.

بەم شیوەیە چاپخانە لە ژیانی ڕۆشنبیری کۆماردا ئەرکێکی نەتەوەیی گەورەی لە ئەستۆ گرتبوو، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو چاپخانەیە بووە هۆی ئەوەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی ئەوە ڕۆژەی پێ چاپ بکرێ.

د. هیمداد حوسێن، ڕۆژنامەنووسی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢ـ١٩٤٧ سلێمانی ساڵی ٢٠٠٨

ئاغای " سەعید زەرگەیی " حرووف کۆکەرەوەی چاپخانەیە، لە کاتی کارکردندا ئەو هۆنراوانەی ژێرەوەی هەڵبەستووە، ئافرینی لێدەکەین.

" تەبریکی چاپخانە "

شوکر نـــەمردم، من بـەو چـاوانە    لـــە کوردستاندا کـانگای چاپخانە

هـــاتە بەر چاوم وەک ڕۆژ نمایان    لێتان پیرۆز بێ گـــەلی بـرایـان

فێنکایی دڵم جـەرگ و هەنـــاوم    ڕۆژنـــامـەی کوردی هـاتە بەرچاوم

هێند کەیف ساز و شاد و خەندانم    وختە لـــە شـــادی دەربچێ گیانـم

دەستم دەلـــەرزێ لـــە نووسینی دا    چـــاوم نـــابینێ لـــە نـۆڕینی دا

لاقم بێ هێزە لـــە هـــاتووچۆدا    گوێم لـە هیچ نییە لـە گفتوگـوو دا

فرشتەی بەختم دیسان هـاتـــەوە    بـە گوێم دا دەڵێ خـەو نـەتباتەوە

ئەستێرەی گەشی ئارەزووی کوردان    هـاتە دەر لـە نـاو تاریکی و زیندان

ئـــاگـــری دڵی لاوە ژیـــرەکـــان    ئـاهـ و نزولـەی پیـاوە پیرەکـــان

پەردەی دادڕی ڕووبەڕووی شادی    دەرچووین لە دەس غەم گەینە ئازادی

دامەزرا کـــانگای چاپ و ڕۆژنامە    ڕۆیـی بـــۆ ئـــاغا داری داردامـــە

تا ئاخر نەفەس" هۆمێد "ژیانەکەت    بـــەخت کـــە لـــە ڕێی نیشتمانەکەت

ڕۆژنـــامـــەی کـــوردستان ژمـــارە ٦ دووشـــەممۆ ١ی ڕێبـــەندان ١٣٢٤_١٩٤٦



بەڕێز کاک سەعید زەرگەیی ( هۆمێد )

وێنەی کاربەدەستانی چاپخانەی کوردستان



ڕاوەستاوە ڕدەیفی پشتەوە لە ڕاستەوە: مستەفا ئەیوبیان ـ د. عەزیز ژیان ـ ساڵح کاکاغازادە ـ ڕەحیم یەعقوبی ـ عەبدوڵڵا دەباغی ـ ڕەحیم شمع ئەفڕوز ـ ڕحمان ڕەزگەیی ـ حوسێن فەقەزادە ـ سەعید زەرگەیی ـ متەلیب شێخ محەمەدی ـ یوسف ئەورامی

دانیشتوو لە ڕاستەوە: سەدیق عەلایی ـ مەلا قادر مودەڕێسی

دانیشتوو لەسەر زەوییەکە لە ڕاستەوە: محەمەد شاپەسەندی ـ برایمی کەریمی

هەواڵ دەرکەوتی چاپخانەی بۆکان

ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٢٤ هەواڵ دەرکەوتی چاپخانەی بۆکان سیلسیلەی مەشایەخی نەقشبەندیمان وەدەس کەوت کە بووە مایەی چاوڕوونی و دڵخۆشی کارگەرانی ئیدارەی ڕۆژنامە و چاپخانەی کوردستان. لە خودا دەخوازین، موئەسیسین و کارگەرانی چاپخانەی بۆکان سەربەرز و لە خزمەتی میللیدا موەفەق بن.

ڕۆژنــامەی کــوردستان ژمارە ١٤ چــوار شەممۆ ٢٤ی ڕێبــەندانــی ١٣٢٤ـ ١٩٤٦

ئەم نامیلکانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بیر و بۆچوونی خەڵکیدا بەجێ هێشتبوو، لەبەر کەمی ژمارەیان دەستاودەست بڵاو دەبوونەوە. خەڵکێکی زۆر ئەزبەریان کردبوون و بە چاوی ڕێزەوە تێیان دەڕوانرا.

لەبارەی کارخانە قەندی یا سیلسیلەی مەشایخی نەقشبەندی، هەژار کە دانەریەتی دەڵێ: ناوی مەشایخی نەقشبەندیم بە شێعر هۆنیبۆوە، لە بۆکان چاپمان کرد هەزار نوسخە بە دوو سێ ڕۆژ فرۆشرا، لام وابوو شێعرەکانیان پەسند کردووە، دوایی دەرکەوت وەک نوشتە کڕیویانە و دە بەرگیان گرتووە و بە کڵاویانەوە درووە!

لەو نامیلکەدا وەها باسی مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەکات:

کــە سەردەستەی هەموو کەستانە خالید

نەمــــامی بـــاخی کـــوردستـــانــە خالید

فیدات بـم نیشتمـــان بـــۆ شـــارەزوورت

ڕوونــاکـە شام و ئەستەنبووڵ لە نوورت

ڕۆژنامــەنووسی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢ـ١٩٤٧

نووسینی: د. هیمدادی حوسێن سلێمانی ساڵی ٢٠٠٨

شانۆ

مــەلای دوادی باس لە شانۆی " سەلاحەددین ئەیوبی کورد " لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٠دا دەکا و دەنووسێ: جەلەسەی شەوی ١٤ی گەلاوێژ ساڵی ١٣٢٤دا پەسندیان کرد بۆ وەگیرهێنانی خەرجێکی باش بۆ مخارجی قوتابخانە کە کاری لەنگ نەبێت تیاتریەکی بەنێوی " سەلاحەددین ئەیوبی کورد " بنوێنن و لە ماوی شازدە ڕۆژندا ئەو تیاتریان ڕەوان کرد و لە شەوی هەینی ٣٠ گەلاوێژ ١٣٢٤دا لە گاراژی شێروخورشید دەس پێکراو و دوو جاران دووپاتەیان کردەوە، و زەحمەتکێشەکانی ئەو یتاترە ئەوانەی خوارەوە بوون:

محەمەد داودی ـ هاشم مووسا زادە ـ قادر یوسفی ـ عوبەیدوڵڵا ئەیوبیان ـ عەزیز ئیبراهیمیان ـ مەحموود خادمی ـ سەدیق مەروفی سەراج ـ چووکەڵ گەوهەری ـ حامید خوسرەوی ـ غەفوور یاهو ـ ڕەحیم داودی ـ عەلی فەرهادی ـ حەسەن حەسەنپوور ـ وەهاب فەرجی ـ برایم داودی ـ عەزیز عەلیالی.

کە پاش نواندن بە حەزووری چەند کەس لە گەورەکانی شار حیسابیان لێک داوە و مەبلغی ٣٠٠٠ ڕیال بە ئاگاداری وان بە سەندوقی قوتابخانە گەیشت. هەوەڵ شتێکی لەو پووڵەی کردڕا یەک سەد پوت دار بۆ سووتاندنی دیوەکانی دەرس و دەمی زستان بوو لەودەمدا کتێبخانەیەکێشان ساز کرد بۆ کۆکردنەوەی کتێبان لە هەموو لایەکەوە لە تەلاش دابوون کە ئەیستاش ئــەو کتێبخانە هەر ماوە و نێوی " پەراویخانەی گەلاوێژ "ە، کە ڕۆژانە قوتابیان سەعاتێک لەویدا خەریکی خوێندنەوەی پەرراویەکان دەبن.

" مەلای داودی "

ڕۆژنــامەی کوردستان ژمارە ٢٠ و ٢١ چوار شەممۆ ٨ی ڕەشەمە ١٣٢٤ـ ١٩٤٦

ناردنی لاوانی کورد بۆ زانکۆی ئەفسەری باکۆ

میرزا مەناف کەریمی دەڵێت: موافەقەت کرا ٦٠ کەس لە لاوانی خوێندەوار بۆ پەروەردەی سەرکردەیی " ئەفسەری " و زانکۆی جۆربەجۆری تر بنێرینە باکۆیە و ٤٠ کەسیشمان بە خوێندنگە نیزامییەکانی ئازەربایجانی ئێران کە لە لایەن دەوڵەتی شورەوییەوە بۆ ئازەربایجانی ئێران ساز کرابوون ناساند و لە ماوەی ٣ ڕۆژان دا ناردنی خوێندکارەکان دەستی پێکرد.

یەکێک لە بەڵێنە زۆر ئەرێنییەکانی باقرۆڤ کە بە پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی دابوو، قەبووڵ کردنی خوێندکاری کورد بوو بۆ درێژەدان بە خوێندن لە بەشی ئەفسەری و بەشەکانی تردا لە باکۆ. لە مانگی مارس و ئاپریلدا قازی محەمەد بە هاوکاری میرزا مەناف کەریمی دەستی کرد بە دۆزینەوەی ژمارەیەک گەنج کە بتوانن درێژە بە خوێندن بدەن و لە داهاتوودا خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن. چونکە ئەو کاتە پلەی خوێندن لە خوارەوە بوو، هەر کەسێک پۆلی شەشی بنەڕەتی تەواو کردبوو، دەیتوانی هەڵبژێردرێت. لەبەر ئەوە زۆر زوو ٦٠ گەنجیان هەڵبژارد و ڕەوانەی باکۆیان کرد...

قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆک کۆمار کوردستان، نووسینی: حامید گەوهەری هەولێر ساڵی ٢٠١٧

هەفتەنامەی کوهستان دەنووسێ: لە لایەن ستادی ئەرتەش خەبەر هاتووە کە ٥٣ نەفەر منداڵی کورد کە دەبێ بۆ باکۆ بەڕێ کرێن ئێستا لە" ئانیە " ئامادەن، بەڵام بەخاتری شین و گریانی دایکەکان، و بەرپرسانی دەوڵەت ئاگادار نەبن، ڕاگیراون و قەرارە بەشەو و بێ ئاگاداری ئەوان بۆ باکۆ بەڕی کرێن.

نامەی هەفتەی کوهستان ژمارە ٣١ دووشەممۆ ٣٠ی ڕەزبەر ساڵی ١٣٢٤_١٩٤٦

وێنەی لاوانی کورد لە زانکۆی " سالیانسکی " ئەفسەری باکۆ



وینە: ڕۆژی ١١ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٥ زانکۆی " سالیانسکی " ئەفسەری باکۆ

لە ئالبوومی بەڕێز حاجی عەزیز ئیبراهیمیان، دیاری کاک جەعفەر ئیبراهیمیان سپاسی دەکەم.

ئارچی ڕۆزوڵت دەنووسێ: بۆ ئەوەی خوێندن بە زمانی کوردی بێ و بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر درا. لە دەستپێکەوە، مامۆستاکان مەجبوور بوون لە ڕووی کتێبەکانی فارسی لە قوتابخانەکان دەرس بڵێنەوە، بەڵام ماوەیەک پێش ڕووخانی کۆماری کوردستان، کتێبی کوردی بۆ پۆلەکانی دەورەی سەرەتایی نووسرا و چاپ کرا.

قازی محەمەد مایەیکی زۆری بۆ زمان و ئەدەبیاتی کوردی دانا و بایەخێکی زۆری پێدا ڕەنگە وجوود و دەوری چالاکانەی دوو شاعیری گەنج هەژار و هێمن لەو هەڵویستەی قازی دا فرە تەئسیری هەبووبێ. شێعرەکانی ئەوان سەرەرای کەم بوونی کاغەز، دیسانیش هەر بڵاودەبوونەوە.

کۆماری کورد لە مەهاباد، نووسینی: ئارچی ڕۆزوڵت، وەرگێڕ: خالد عەزیزی ساڵی ١٩٩١

هێمن دەڵێ : ڕۆژی دووی ڕێبەندان کە ئیعلانی کۆماری مەهاباد کرا من لە پەنای پێشەوام. ئەو ڕەسمانە لە ( تاریک و روون )دان زۆر چاک پێشەوا بە خەڵک دەناسێنن. ڕەئیسی زابتە گەورەکانی بە حەواوە ڕاگرتووە، بەڵام من شاعیرێکی ڕووت بووم. ئەو لە پەنای خۆی دانیام. کاکە بڕوا بکە ئەو ڕۆژە ئەوەندە گریام کە قەد لە عومری خۆمدا ئەوەندە نەگریاوم. گاڵتەی پێدەکردم دەیوت ئەوە بۆ عەجەمەکان دەگری. من لە خۆشیان دەگریام. دەیوت: بابە تۆ دەگریەی، دەنا ڕۆژ لەو ڕۆژە خۆشتر دەبێ؟

هێمن و سازی ناساز، کۆکەرەوە و ئامادەکار: فاڕووق فەرهاد، سوئید ساڵی ٢٠١٩ ل. ٢٦



وێنە: ساڵی ١٣٢٥ـ ١٩٤٦

لە ڕاستەوە: ڕەحیم جوانمەرد قازی ـ جەعفەر ئاغای کەریمی ـ محەمەدی نانەوازادە ـ سەدیق حەیدەری ـ عەزیز سدیقی

دانیشتوو لە ڕاستەوە: هەژار ـ پێشەوا قازی محەمەد ـ هێمن

وێنە: لە کتێبی ساجبلاغ مکری ( مهاباد ) در آیینە اسناد تاریخی، فەریدون حکیم زادە



وێنە: کاربەدەستان و مامۆستایانی ئیدارە فەرهەنگی کوردستان ١٣٢٤

دانیشتوو لە ڕاستەوە: ١ـ محەمەد سیدقی ٢ـ محەمەد مەجدی ٣ـ عەزیز مەولەوی ٤ـ ڕەحیم لەشکری ٥ـ محەمەد کیوان پوور ٦ـ مەلا محەمەد لاهیجانی ٧ـ جەلال سەمیعی ٨ـ قاسم قادر قازی ٩ـ گالیوز عەلەمشاه

ڕەدیفی دووەم لە ڕاستەوە: ١ـ عەسکەر مەسگەری ٢ـ عەلی گوڵجبینی ٣ـ عەبدوڵڵا فازەیلی ٤ـ شەریف خوسرەوی ٥ـ سەید عەبدوڵڵا ئەیوبیان

ڕدەیف ئاخر لە ڕاستەوە: ١ـ فەتاح حامیدی ٢ـ کەریم خوسرەوی ٣ـ غالب دەباغی ٤ـ مەروف سەراج موکری ٥ـ حوسێن خزری ٦ـ عەلی سەرهەنگی

وێنە: لە کتێبی ساوجبڵاغ مکری، مهاباد در آیینە اسناد تاریخی، فریدون حەکیم زادە

ئاغای ئیبراهیم نادری لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ئاگادارێک بڵاودەکاتەوە

ئاگاداری

نیشتمان پەروەرە خۆشەویستەکان بێ گومان هیچ کەسێ ناتوانێت ئینکاری ئەهەمیەت و تەئسیری زانست لەسەر تەرەقی و پێشرەفتی میللەت بکات. ئەمڕۆ ئێمە میللەتی کورد کە لە پاش مەحروم بوونی ساڵانی دووروو درێژ لە خوێندن و نووسینی بە زمانی خۆمان عاقیبەت لە پەرتەوی سەعی و کوشش و تەدبیری پێشەوای گەورە و باقی برا نیشتمان پەروەرەکان توانیمان حقووقی لەدەست دەرچووی خۆمان بەدەست بێنین و ئێمەش دیسان وەکوو سایری میللتە ئازادەکانی گێتی لە مەزایای مەرامی دێمۆکراسی بەرخۆردار بین. دیسان ئێمەش پەیمان بە تەئسیری زانست لەسەرنەوشتی پاشە ڕۆژی خۆمان بردوە و پێویستە بۆ هەر فەردێکی کوردی نیشتمانپەروەر هەوڵوو تەقەلا بدات بۆ بڵاوکردنەوەی زانست لەسەرتاسەری وڵاتەکەمان دەرجەییێکی، مەسئولیت وا بەسەرشانی برا مەعللیمەکان بە پێویستمان زانی بۆ تەرەقی پێدانی پایەی مەعلووماتی برا مەعللیمەکان دەورێک بۆ دوو مانگ بکەینەوە و لە عەرزی ئەم موودەتە دەرسانی موعینە، بۆ تەرقی پێدانی پایەی مەعلوومات و تەرزی دەرس وتن و بەخێو کردنی شاگردان زۆر زەرووی و مووئەسیرە. دوو نەتیجەی گەورە ئێمە لە ئەم ئیقدامە دەکەین:

١ـ تەرەقی پێدانی پایەی مەعلووماتی معەلمین بۆ ئەوەی چاکتر بتوانن بە فەرهەنگی کوردستان خدمەت بکەن کە وەزیفەی هەر فەردی ئیسلاح تەلەب و نیشتمان پەروەرێکە.

٢ـ پاش تەواو بوونی دەورەی دوو مانگە هەر یەک لە مەعللمین ئیمتحان دەکرین و بە هۆی یاسا و ڕووتبەی ئیدارەیان ئەدریتی چونکوو عدەیەکی زۆر لە برا مەعللیمەکان دارای رووتبەی ئیداری نین پێویستە لەم فورسەتە ئیستیفادە بکەن. بەم چەشنە هیوادارین کە هەموو برا موعللیمەکان لەم

فورسەتە ئیستیفادە بکەن و بە کەماڵی شادمانی لەم دەورە شرکەت بکەن ئەو دەرسانەی کە دەکوترێت:

١ـ شوعبەی ـ ریازیات ـ حیساب ـ هەندەسە ـ جەبر.

٢ـ ئەدەبیات ـ شێعر و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی ـ تاریخ و جوغرافیا.

٣ـ تەبیعییات ـ فیزیک ـ شیمی ـ زەمین شناسی ـ گیاشناسی ـ حەیوان شناسی.

٤ـ ئیجتماعیات ـ تەربییەت ـ وەرزش ـ گۆرانی کوردی ـ بێهداشت

ساعەتی کار

هەموو ڕۆژی لەسەر ساعەتی چواری پاش نێوەڕۆ لە وزارەتی فەرهەنگ دەرس دەس پێدەکات دەرسی ئەوەڵ لە ساعەتی چوار هەتاکوو پێنج رووبع کەم.

دەرسی دووەم لە ساعەتی پێنج تا پێنج و نیو لە بەینی دەرسی ئەوەڵ و دووەم یەک رووبع ساعەت ڕاحەتی هەیە. یەعنی لە ساعەتی چوار حازر بوون و لە ساعەتی پێنج و نێو دەوامی رەسمی تەواو دەبێت ڕۆژی تەئسیسی ئەو کلاسە ١٥ـ ٤ ـ ٢٥

ئیبراهیم نادری

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٥ سێ شەممۆ ١٤ی پۆشپەڕ ساڵی ١٣٢٥ـ١٩٤٦



وێنە: کاربەدەستان و مامۆستایان سەردەمی کۆمار کوردستان ساڵی ١٣٢٥

دانیشتوو لە ڕاستەوە: ١ـ ڕەعنا داودی ٢ـ وەجیهە شوجاعی ٣ـ سەڵتەنت داودزادە ٤ـ ماوزر بلەزادە ٥ـ عەلی مەحموودی ٦ـ ئیبراهیمی نادری ٧ـ مەلا عەبدوڵڵا فازەلی ٨ـ فەریدە زەندی ٩ـ زارا مەنگووری ١٠ـ خەجیجە بابە سووری ١١ـ سەمیعی

ڕەدیفی دووەم لە ڕاستەوە: ١ـ مەروف فتووحی ٢ـ؟ ٣ـ عوبەید مەبللغی ٤ـ فەریقی ٥ـ محەمەد سیگاری ٦ـ عەلی فەرهادی ٧ـ ؟ ٨ـ عوبەیدوڵڵا سەلاحزادە ٩ـ عوسمان دانش ١٠ـ ؟ ١١ـ محەمەد توفیق وردی ١٢ـ مەسگری ١٣ـ؟ ١٤ـ ؟ ١٥ـ محەمەد حەبیبی

ڕەدیفی سێهەم لە ڕاستەوە: ١ـ سیف اللە نانەوازادە ٢ـ ؟ ٣ـ سەعید کەریمی ٤ـ محەمەد سیدقی ٥ـ مەحموود خادمی ٦ـ غالب دەباغی ٧ـ قاسم حیجازی ٩ـ ؟ ١٠ـ حوسێن فتووحی ١١ـ؟

ڕەدیف چوارەم لە ڕاستەوە: ١ـ عەلی سەرهەنگی ٢ـ محەمەد ئەمین دانش پەژوو ٣ـ سەید محی ددین نەزامی ٤ـ حەسەن کاکاغەزادە

وێنە لە کتێبی: ساجبلاغ مکری، مهاباد در آیینه اسناد تاریخی، فریدون حکیم زادە

بووجەی ساڵی ١٣٢٣ لە کارمەند و مامۆستا و کارگەرانی بۆ شاری مەهاباد ٧١ نەفەر ڕەچاو کراوە بەڵام لە ساڵی ١٣٢٤ دا بە ١٠٢ نەفەر دەگات، کە ٧٩ نەفەر مامۆستا یەک نەفەر کارمەند و ٢٢ کارگەرانن.

شاری مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٤ یەک دەبیرستانی سێ کلاسە، ٦ مەدرەسەی سەرەتایی ٥ کلاسە و شەش کلاسە لە شاردا و ٨ مەدرەسەی سەرەتایی ٤ کلاسە لە دەوروبەری و لە بۆکان هەیە.

نامەی هەفتەی "کوهستان" ژمارە ٣٠ دووشنبە ٢٣ ی ڕەزبەر (مهر) ساڵی ١٣٢٤ _ ١٩٤٦

بە دەم تەواوبوونی شەڕی دووهەمی دنیاگرەوە، سابڵاغ بوو بە نێوەندی چالاکی سیاسی و ئەدەبی کوردی. مەهاباد پێتەختی ئەو ڕێژیمە خودموختارە بوو و ١١ مانگی حوکم کرد. ئیدارە حکوومەتییەکان کوردێندران، ئەرتەشێکی میللی دامەزرا و، ژنان حیزبی خۆیان پێکهێنا و ئەو حیزبە لقێک بوو لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، زۆر کوردی عێراقی و هەروەها کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانی ئێران لە بەڕێوەبەری داودەزگای مەدەنی و عەسکەریدا بەشدارییان کرد. کۆمار لە بواری فەرهەنگیدا زۆر چالاک بوو، یەکەم دەزگای ڕادیۆی وەکارخست، یەکەم سینەما نیشان درا، یەکەم تیاتری کوردی هاتە سەر شانۆ، یەکەم چاپخانە دامەزرا، ڕۆژنامەیەک و پێنج گۆڤاری بڵاوکردەوە و یەکەم کتێبخانەی گشتی دامەزراند.

شارنشینی، ژیندر ( جیسنی کۆمەڵایەتی ) و وەگەڕخستنی سیاسی لە کوردستان ، نووسینی : شەهرزاد مەجاب، وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی، گۆڤاری گزینگ ژمارە ١٩ باهاری ١٣٧٧ ـ ١٩٩٨

دەبێ ئێمە زۆر سپاسی ڕۆژنامەوان و نووسەرەکانی سەردەمی کۆمار بکەین کە لەو بارودۆخەدا کە کورتەیەکی هاتە بەرباس، شەقڵی داسەپاوی دوژمنیان شکاند و خەرمانی ئەدەبی کوردیان گەڕاندەوە سەر جێخونی خۆماڵی. بواری بووژانەوەی زمانی کوردیان خۆشکرد و بە پەرەپێدانی ڕۆژنامەوانی کوردی دوژمنیان ڕووڕەش کردەوە و ئاکاری دژی مرۆڤانەی ئەویان لەقاودا.

حەسەن ماوەرانی، گۆڤاری هاوار، ساڵی دووەم ژمارە ٥ ڕەشەمە ١٩٩٩

ئارچی ڕۆزلت دەنووسێ: سەرجەمی بەرهەم و دەستکەوتی سەرەکی ئەو ئازادییانە ئەوە بوو کە حکوومەتەکە لەناو خەڵک، لانی کەم خەڵکی مەهاباد خۆشەویست و جێگای متمانە بێت. خەڵکێک کە زوڵم و زۆری دەوڵەتی ناوەندی ئێرانیان لەسەر وەلاچووبوو و تامی ئازادی و سەربەستییان چێشتبوو.

کۆمار کورد لە مەهاباد، ئارچی ڕۆزوڵت، وەرگێڕ: خالد عەزیزی ، چاپی یەکەم ١٩٩١

خوێنەری هێژا:

لە پرۆسەی پەروەردە و ڕۆشنبیری کۆماری کوردستاندا دەبێ باس لە مەدەرسەی " گەلاوێژ " کە یەکەم مەدرەسەی زمانی کوردیە، وە پرۆسە خوێندن و دامەزراندنی مەدەرسەی کچان و ژنان وە چالاکی مامۆستایان ژن لە کۆماری کوردستاندا بکرێ. من ساڵی ٢٠٢٠ بە جیا مێژووی و دامەزراندنی مەدەرسەی " گەلاوێژ " م ئامادە وە بڵاو کردەوە، کە لێرەدا بە پێویستم نەزانی دیسان دووپاتی بکەمەوە. وە پرۆسەی مەدەرسەی کچان و ژنان قەرارە لەگەڵ دۆستێکی بەرێز بە جیا ئامادەی کەین و لە ساڵی ٢٠٢١ دا بڵاوی کەینەوە.

سپاس لە زەحمەتەکانی گوڵاڵە خانمی پێشنماز.

فاڕووق فەرهاد ٢٠٢١/١/٥ سوئید

سەرچاوەکان:

ـ تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، انتشارات رهرو مهاباد چاپ اول سال ۱۳۷۷ _ ۱۹۹۸

ـ کتێبی" ڕۆژنامەی کوردستان " مەهاباد ۱۳۲٤ ـ ۱۳۲٥ هەتاوی ( ۱۹٤٦ ) ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح ، چاپخانەی دەزگای ئاراس، بنکەی ژین ساڵی ۲۰۰۷

ـ حکوومەتی کوردستان ڕێبەندانی ۱۳۲٤ ـ سەرماوەزی ۱۳۲٥ کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا، نەوشیراون مستەفا ئەمین ساڵی ۱۹۹۲

ـ بەسەرهاتی سیاسی کورد، نووسینی: میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی بەرگی یەکەم چاپی دووەم سلێمانی ساڵی ۲۰۰۰

ـ ساجبلاغ مکری ( مهاباد ) در آیینه اسناد تاریخی، گردآوری و تالیف: فریدون حکیم زاده مرکز نشر فرهنگی مهاباد ساڵ ۱۳۸۹

ـ نامەی هفتگی "کوهستان " شماره ۳۰ و ۳۱ سال ۱۳۲٤ _ ۱۹٤٦

ـ بیرەوەرییەکانی " سەعید ناکام " دەزگای ئاراس هەولێر ساڵی ۲۰۰۳

ـ قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان، نووسینی: حامید گەوهەری ـ هەولێر ساڵی ۲۰۱۷

ـ ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان،۱۹٤۲ ـ ۱۹٤۷ نووسینی: د. هیمدادی حوسێن، سلێمانی ساڵی ۲۰۰۸

ـ بیرەوەرییەکانی محەمەد شاپەسندی، ئامادەکرنی: سدیق ساڵح، سلێمانی چاپخانەی شڤان لە بڵاوکردنەوەی بنکەی ژین ۲۰۰۷

ـ سێبەری ئازادی هەواز و نشێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ژی ـ کاف، ۱۳۲٤ـ ۱۳۲۱ نووسەر: کەماڵ عەبدوڵڵاهی ـ بنکەی ژین ۲۰۰۸

ـ بیرەوەرییەکانی سەعید هومایون، " پیشوای بیداری " موسسە چاپ نشر آرس هولێر سال ٢٠٠٧

ـ هێمن و سازی ناساز، کۆکەرەوە و ئامادەکار: فارووق فەرهاد، بەرگی دووەم سوئید ساڵی ٢٠١٩

ـ تاریک و ڕوون، دیوانی شێعری مامۆستا هێمن، سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن، چاپخانەی هەولێر ساڵی ٢٠١٤

ـ کۆماری کورد لە مەهاباد، نووسینی: ئارچی ڕۆزوڵت، وەرگێڕ: خالد عەزیزی، چاپی یەکەم ١٩٩١

ـ گۆڤاری هاوار، ساڵی دووەم ژمارە ٥ ڕەشەمە ١٩٩٩

ـ گۆڤاری گزینگ ژمارە ١٩ بەهاری ١٣٧٧ ـ ١٩٩٨

ـ گۆڤاری رابوون ژمارە ٢٣ ـ ٢٤ سوئید ساڵی ١٩٩٨

ـ لاپەڕەی سایتی " ڕوانگە " بەرپرس کاک حەسەنی قازی

ـ لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز د. عەبدوڵڵا ئەبریشمی

ـ لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز عەبدوڵڵا سەمەدی

ـ لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز محەمەد جەعفەری

ـ لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز موحیب مەهابادی

ـ لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز کاوە زەرگە

ـ لاپەڕەی فەیسبووکی فارووق فەرهاد